# دەستوری ناوخۆی بزوتنەوەی گۆڕان

# پەسەندکراوی کۆنگرەی یەکەم

هەولێر ٢٦- ٢٠١٣/١٢/٢٧

## پێڕستی دەستوری ناوخۆی بزوتنەوەی گۆڕان


بەشی یەکەم: پێناسە ........ ٣

بەشی دوەم: هەڵسوڕاو و پشتیوان ........ ٣

بەشی سێیەم: بازنە ........ ٥

بەشی چوارەم: رایەڵە........ ٧

بەشی پێنجەم: ئەنجومەنی قەزا ........ ١٠

بەشی شەشەم: هەڵبژاردنی دەستەی بەڕێوەبەری بازنە، رایەڵە، ئەنجومەنی قەزا ........ ١٥

بەشی حەوتەم: رەوەندی کوردی........ ١٩

بەشی هەشتەم : جڤاتی گشتی........ ٣٠

بەشی نۆیەم: جڤاتی نیشتمانی ........ ٣٤

بەشی دەیەم: کۆنفرانسی پارێزگاکان........ ٤٠

بەشی یانزەیەم : کۆنفرانسی نیشتمانی ........ ٤١

# بەشی یەکەم: پێناسە

یەکەم، ناوی ڕێکخراوەکە: بزوتنەوەی گۆڕان

دوەم، پێناسەکەی: ڕێکخراوێکی سیاسی خاوەن کەسایەتی مەعنەوییە؛ لە کۆبونەوەی ئارەزومەندانەی ئەو هاولاتیانە پێکدێ کە لە دەوری بەرنامەی سیاسی ودەستوری ناوخۆی بزوتنەوەی گۆران کۆبونەتەوە.

سییەم، دروشمەکەی: گۆڕان

چوارەم، لۆگۆکەی: بازنەیەکە بەڕەنگی نیلی؛ لە ناوەڕاستیدا وێنەی مۆمێکی سپی هەیە؛ کە ئاگرێکی بە هەردوو ڕەنگی زەرد و نارنجی لەسەرە و لەژێریدا ناوی بزوتنەوەکە بە هەردوو ڕەنگی نارنجی و سپی و بە پیتەکانی کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی نوسراون.

پێنجەم، شوێنی چالاکی: هەرێمی کوردستان، عێراقی فیدراڵ و هەرجێیەک کە هاولاتیانی کوردستانی لێبێ. لە ئێستادا، مەکۆی سەرەکی لە شاری سلێمانیە.

# بەشی دوەم: هەڵسوڕاو و پشتیوان

**<u>مادەی یەکەم</u>: هەڵسوڕاو**

یەکەم، هەر هاولاتیەک بخوازێت دەتوانێت ببێتە هەڵسوڕاو گەر ئەم مەرجانەی تیادا بێت:

١–١: هەژدە ساڵی تەمەنی تەواو کردبێت.

١–٢: کار بۆجێبەجێکردنی بەرنامە و بەدیهاتنی ئامانجەکانی بزوتنەوەی گۆڕان بکات.

١–٣: لە هەمان کاتدا ئەندامی هیچ حیزبێکی تری کوردستانی، عێراقی یان هەرێمی نەبێت.

١ـ٤: بڕیاری تاوانبارکردنی بە تاوانێکی ئابڕوبەر لە دادگا ناوخۆیی و دەرەکیەکان دەرنەچوبێت و بەشدار نەبوبێت لە تاوانی کۆمەڵکوژیدا.

دوەم، دەرچوون لە هەڵسوڕاوێتی:

هەڵسوڕاو لە هەڵسوڕاوێتی بزوتنەوەی گۆڕان دەردەچێت:

٢–١: ئەگەر خۆی ئارەزومەندانە داواکاری پێشکەش بکات.

٢–٢: ئەگەر زیانی ماددی یا مەعنەوی لە بزوتنەوەکە بدات و بەو هۆیەوە بڕیاری دورخستنەوەی لە لایەن ژوری یاسایی  دەربچێت.

٢ـ٣: ئەگەر مەرجەکانی هەڵسوڕاوێتی لەدەست بدا.

سێیەم، مافەکانی هەڵسوڕاو:

٣–١: هەڵسوڕاو، گەر مەرجی پێویستی تێدابوو، بۆی هەیە داوابکات بۆ هەمو ئاستەکانی ڕێکخراوەیی بزوتنەوەی گۆڕان و ئەنجومەن و دەزگا و دامەزراوەکانی هەرێم و دەوڵەتی عێراقی فیدراڵ بپاڵێورێت.

٣–٢: هەڵسوڕاو بۆی هەیە لە ریفراندۆم و هەڵبژاردنە ناوخۆییەکانی بزوتنەوەکەدا دەنگ بدات و خۆی بپاڵێوێت.

## مادەی دوەم:  پشتیوان

١. هەر هاوڵاتیەک ئارەزوی کاری ڕێکخراوەیی نەبوو لە ناو یەکێک لە ئۆرگانەکانی بزوتنەوەکەدا بەڵام ئامادەبو خۆبەخشانە پشتیوانی ماددی و مەعنەوی، سیاسی و جەماوەری بزوتنەوەکە بکات، پێی دەوترێت پشتیوان و دەکرێت ناوی لە تۆماری پشتیواناندا بنوسرێت.

٢. پشتیوان مافی دەنگدان وخۆپاڵاوتنی لە هەڵبژاردنە ناوخۆییەکانی بزوتنەوەکەدا نی یە بەڵام گەر لێوەشاوەیی  لە بوارێکدا هەبێ و مەرجی پێویستی تێدابێت، دەتوانێت داوابکات بۆ هەمو ئاستەکانی ئەنجومەن و دەزگا و دامەزراوەکانی هەرێم و دەوڵەتی عێراقی فیدراڵ بپاڵێورێت.

٣. ئەگەر پشتیوان ئارەزوی هەبو ببێتە هەڵسوڕاو، پێوستە پێش سێ مانگ لە هەڵبژاردنە ناوخۆییەکان ناوی خۆی تۆماربکات.

٤. پشتیوان دەتوانێت لە هەمو دەزگاکانی بزوتنەوەکەدا کاربکات.

٥. پشتیوان دەتوانێت ڕەخنە و پێشنیار دەربارەی کار و هەڵوێستی بزوتنەوەی گۆڕان و هەڵسوڕاوەکانی ئاڕاستەی هەمو ئاستە ڕێکخراوەییەکانی بزوتنەوەکە بکات.

٦. پێکهێنانی ئەنجومەنی پشتیوان لەسەر ئاستی شارەکان بە ڕێنماییەکی تایبەت ڕێکدەخرێت.

## بەشی سێیەم: بازنە

**<u>مادەی یەکەم</u>: پێناسەی بازنە**

یەکەم، بازنە یەکەی ڕێکخراوەیی سەرەکی بزوتنەوەی گۆڕانە بۆ ڕێکخستنی هەڵسوڕاوان و پەیوەندی لەگەڵ دەنگدەران و بەشداریکردن لە هەڵبژاردنە گشتیەکانی کوردستان و عێراقی فیدراڵدا.

دوەم، سنوری کاری بازنە بە دو جۆر دیاری دەکرێت:

٢-١: سنوری بەڕێوەبەرایەتی شار و شارۆچکەکان بە پێی نەخشەی ئیداری کوردستان ودەوڵەتی عێراقی فیدراڵ.
٢-٢: سنوری جوگرافی ناوەندی تۆمارکردنی دەنگدان بە پێی نەخشەی کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان.

سێیەم، هەمو بازنەیەک بۆ ناسینەوە و جیاکردنەوەی لە بازنەیەکی تر، ژمارەیەکی تایبەت بە خۆی ئەبێ کە ئەشێ بە هەمان ژمارەی ئەو گوند، ناحیە، گەڕەک و قوتابخانەیەوە بێ کە بنکەی تۆماری دەنگدەرانی لێیە.

چوارەم، لە سنوری جوگرافیای هەندێک شوێن کە بنکەی دەنگدەرانی کۆمسیۆنی لێ نیە دەشێ بازنە بە ناوی شوێنەکەوە بکرێتەوە.

**<u>مادەی دوەم</u>: دیاریکردنی ژمارەی بازنەکان**

١. قەزاکانی پارێزگاکانی کوردستان بە گوێرەی ڕێژەی دانیشتوان دابەشکراون بۆ سێ پلەی شارەوانی: پلەی ئەلف و بێ و جیم.
٢. بزوتنەوەی گۆڕان لە پۆلێنکردنی ئەنجومەنەکانی قەزاکاندا پێڕەوی هەمان دابەشکردنی کردوە.

٣. ژمارەی بازنەکان بە پێی پۆلێنکردنی شارەکان دیاری ئەکرێت.

**<u>مادەی سێیەم</u>: پێکهاتەی ئەنجومەنی بازنە**

یەکەم، دەستەی بەڕێوەبەر لە پێنج ئەندام پێکدێت.

١-١: بازنەوان، بەرپرسی ئەنجومەنی بازنەیە.

١-٢: سکرتێری بازنە، کات و شوێنی کۆبونەوەی ئەنجومەن ڕێکدەخات و ئەندامەکانی لێ ئاگادارەکاتەوە؛ کۆنوسی کۆبونەوەکان ئامادە دەکات؛ ئاماری ناوی هەڵسوڕاوانی بزوتنەوەی گۆڕان ڕێکدەخات و دەیپارێزێت؛ و ڕاپۆرتی مانگانە ئامادەدەکات. دەبێ سکرتێری بازنە خوێندەوار بێت و شارەزای کۆمپیوتەر بێت.

١–٣: بەڕێوەبەری کارگێڕی، بەرپرسە لە کاروباری دارایی و پێداویستیە لۆجستیەکانی بازنەکەی.

١–٤: بەرپرسی ئافرەتان، بەرپرسە لە کاروباری رێکخراوەیی ئافرەتان لە سنوری بازنەدا. دەبێ بەرپرسی ئافرەتان خوێندەوار بێت.

١ـ٥: بەرپرسی ئامار و هەڵبژاردن.

دوەم، بنکەوانەکان:

٢–١: بنکە، یەکەی بنەڕەتیی پێکهێنانی بازنەیە و دەبێت لانی کەمی ژمارەی هەڵسوڕاوان تیایدا لە حەوت کەس کەمتر نەبێت. ئەرک و دەسەڵات و مافی بنکە بە رێنماییەک، لە لایەن ژوری پەیجوری و ئەنجومەنی قەزاوە، دیاری دەکرێن.

٢–٢: بنکەوان، سەرپەرشتی ئەنجومەنی بنکە جیاوازەکانی سنوری ناوەندی تۆمارکردنی دەنگدەران (مرکز تسجیل الناخبین) ی سەردەمی هەڵبژاردن ئەکات. ژمارەی بنکەوانەکانی ناو بازنە بە پێی جیاوازی ژمارەی ناوەندەکانی دەنگدان جیاوازن.

سێیەم، هەمو هەڵسوڕاوانی ئەنجومەنی بازنە، ئەگەر مەرجەکانیان تێدا بێ، بۆیان هەیە خۆیان بۆ ئەندامەتی دەستەی بەڕێوەبەری بازنە کاندیدبکەن.

**<u>مادەی چوارەم</u>: کۆبونەوەی بازنە**

یەکەم، دەستەی بەڕێوەبەری ئەنجومەنی بازنە بۆ راپەڕاندنی کاروبارەکانی لانی کەم دو هەفتە جارێک و هەر کاتێکیش پێویستی کرد کۆدەبێتەوە.

دوەم، ئەنجومەنی بازنە بۆ ئاگاداربون لە ئاڵوگۆڕی دۆخی ناوچەکەی و هەڵسەنگاندنی کاروبارەکانی، مانگی جارێک کۆدەبێتەوە.

سێیەم، بازنەوان لە کۆبونەوەی مانگانەی ئەنجومەنی قەزادا نوێنەرایەتی بازنەکەی دەکا؛ ئەگەر نەیتوانی، ئەشێ سکرتێر لە جیاتی ئەو نوێنەرایەتی بازنەکەی بکات.

چوارەم، ئەنجومەنی بازنە بۆ راپەڕاندنی کارەکانی لە دۆخی ئاساییدا لە "مەکۆی بزوتنەوەی گۆڕان" دا جێگەیەکی تایبەت بە خۆی دەبێ و لە کاتی پێویستیشدا، بە تایبەتی لە کاتی هەڵبژاردندا، بۆی هەیە بەراوێژ لەگەڵ ئەنجومەنی قەزادا بنکە و بارەگا بکاتەوە.

**<u>مادەی پێنجەم</u>: ئەرکەکانی بازنە**

یەکەم، راگرتنی پێوەندی بەردەوام لەگەڵ دانیشتوانی سنوری بازنەکەدا لە رێگای بەشداریکردن لە بۆنە کۆمەڵایەتی و کلتوری و نیشتمانیەکان، بڵاوکردنەوەی راگەیەنراوەکانی گۆڕان و بەستنی کۆڕ و کۆبونەوە.

دوهەم، پێشنیارکردنی ناوی کاندید بۆ هەر هەڵبژاردنێک (پارلەمان، پارێزگا، شارەوانی، هتد) کە ئەنجام ئەدرێت.

سێیەم، ئامادەکردنی ژمارەی پێویستی هەڵسوڕاو بۆ راهێنانی بریکاری وێستگەکان و بانگەشەی هەڵبژاردن، بە هاوکاری بنکەکان و وێستگەکان و گروپەکانی پشتیوان.

چوارەم، ئاگادارکردنی بەڕێوەبەری میدیای ئەنجومەنی قەزا لە هەر روداوێک کە لە سنوری بازنەکەیاندا رودەدات.

پێنجەم، رێکخستنی هەڵسوڕاو و پشتیوانان لە سنوری چالاکی خۆیدا.

شەشەم. چاودێریکردنی دۆخی هەڵبژاردنەکان و تۆماری دەنگدەران.

حەوتەم، دابینکردنی چاودێری پێویست بۆ سەر سندوقەکان بە هەماهەنگی ژوری هەڵبژاردن.

## بەشی چوارەم: رایەڵە

**<u>مادەی یەکەم</u>: پێناسەی رایەڵە**

یەکەم، رایەڵە؛ یەکەیەکی بنچینەییە لە بزوتنەوەی گۆڕان، لەسەر بنەمای پیشەیی و پێگەی جەماوەریی رێک دەخرێت، کەناڵی پەیوەندی بزوتنەوەی گۆڕانە لەگەڵ پیشەو توێژە جیاوازەکانی کۆمەڵگادا.

دوەم، سنوری کاری رایەڵە هەمو هاوپیشەکانی دەگرێتەوە کە لە سنوری شار یا قەزایەکدا کاردەکەن .

سێیەم، هەمو ئەنجومەنی رایەڵەکان بۆ ناسینەوە و جیاکردنەوەیان لە یەکتری دەبێ ناوێکیان هەبێت کە بگونجێ لە گەڵ پیشەکەیان یا پێگەی کۆمەڵایەتی یان.

چوارەم، لە هەندێ شار یا قەزادا کە یەکێ یا هەندێ لەو پیشانەی لێ نیە یان لێیەتی و بە ژمارە کەمن، ئەگەر ژمارەیەکی بەرچاوی لەو پیشەیە تێدا نەبو، پێویست ناکات رایەڵەیان بۆ دروست بکرێ ئەشێ لەگەڵ رایەڵەکەی نزیکی خۆی دا یەکبخرێن.

**<u>مادەی دوەم</u>: دیاریکردنی ژمارەی رایەڵەکان**

یەکەم،

١–١: قەزاکانی پارێزگاکانی کوردستان بە گوێرەی رێژەی دانیشتوان دابەشکراون بۆ سێ پلەی شارەوانی: پلەی ئەلف و بێ و جیم.

١–٢: ناوچە کوردستانیە دابڕێنراوەکان بە رێنمایی تایبەت رێکدەخرێن.

دوەم، بزوتنەوەی گۆڕان لە پۆلێنکردنی ئەنجومەنەکاندا پەیڕەوی هەمان جۆرە دابەشکردنی کردوە.

سێیەم، ژمارەی رایەڵەکان بە پێی پۆلێنکردنی شارەکان بەم شێوەیە دیاری دەکرێن:

٣ –١:بۆ پێکهێنانی رایەڵە لە قەزای پلەی ئەلف دا دەبێ لانی کەم ٢٥ ئەندامی هەبێ.
قەزاکانی پلەی ئەلف بریتین لە:
ناوەندی قەزای سلێمانی، ناوەندی قەزای هەولێر، ناوەندی قەزای دهۆک و ناوەندی قەزای کەرکوک.
٣–٢: بۆ پێکهێنانی رایەڵە لە قەزای پلەی بێ دا دەبێ لانی کەم ١٥ ئەندامی هەبێ.
قەزاکانی پلەی بێ بریتین لە:
پارێزگای سلێمانی: قەزای پشدەر، قەزای رانیە، قەزای کەلار و قەزای چەمچەماڵ.
پارێزگای هەولێر: قەزای کۆیە، قەزای سۆران و قەزای مێرگەسور.
پارێزگای دهۆک: قەزای زاخۆ.
پارێزگای کەرکوک: قەزای دوبز.
٣–٣: بۆ پێکهێنانی رایەڵە لە قەزای پلەی جیم دا دەبێ لانی کەم ٧ ئەندامی هەبێ.
قەزاکانی پلەی جیم بریتین لە:
پارێزگای سلێمانی: قەزای قەرەداخ، قەزای شارەزور، قەزای سەیدسادق، قەزای هەڵەبجە، قەزای شارباژێڕ، قەزای پێنجوین، قەزای ماوەت، قەزای دەربەندیخان، قەزای دوکان و قەزای کفری.
پارێزگای هەولێر: قەزای رەواندوز، قەزای دەشتی هەولێر، قەزای شەقڵاوە، قەزای چۆمان و قەزای خەبات.
پارێزگای دهۆک: قەزای سێمێل، قەزای ئامێدی، قەزای شێخان و قەزای ئاکرێ.
پارێزگای کەرکوک: قەزای داقوق.

چوارەم، هەر رایەڵەیەک ژمارەی ئەندامەکانی نەگەیشتە ژمارەی دیاریکراوی خاڵی سێیەم، پێویستە لە گەڵ رایەڵەیەکی نزیک لە پیشەکەی خۆی دا یەکبگرێت.

٤–١: رایەڵە لەسەر ئاستی ناحیە دروست ناکرێت، پێویستە یەک رایەڵەی سەرتاسەریی هەبێت بۆ یەک پیشەی دیاری کراو لە سنوری قەزاکەدا.
٤–٢: ناحیەکان نوێنەریان لە ئەنجومەنی رایەڵە سەرەکیەکەدا دەبێ.

پێنجەم، لە سنوری هەر قەزایەکدا بۆ هەر پیشەیەکی دیاریکراو پێویستە یەک رایەڵە هەبێ.

## <u>مادەی سێیەم</u>: پێکهاتەی ئەنجومەنی رایەڵە

ئەنجومەنی رایەڵە پێکدێت لە:
یەکەم، دەستەی بەڕێوەبەر:

١–١: ڕێکخەری ڕایەڵە؛ سەرپەرشتی کاروبارەکانی ئەنجومەنی ڕایەڵە دەکات.

١–٢: سکرتێری ڕایەڵە؛ کات و شوێنی کۆبونەوەی ئەنجومەن ڕێکدەخات و ئەندامەکانی لێ ئاگادار دەکات؛ کۆنوسی کۆبونەوەکان ئامادە دەکات؛ تۆماری ناوی هەڵسوڕاوان ڕێکدەخات و دەپارێزێ؛ دەبێ خوێندەوار بێت و شارەزای کۆمپیوتەر بێت.

١–٣: بەڕێوەبەری کارگێڕی؛ بەرپرسە لە کاروباری دارایی و پێداویستیە لۆجستیەکانی ڕایەڵەکە.

دوەم، ئەندامانی ئەنجومەنی ڕایەڵە؛ بە پێی پێویستیەکانی فراوانی پیشەکە ژمارەیان دیاری دەکرێ.

## مادەی چوارەم: کۆبونەوەی ڕایەڵە

یەکەم، دەستەی بەڕێوەبەری ئەنجومەنی ڕایەڵە بۆ ڕاپەڕاندنی کاروبارەکانی، لانی کەم مانگی یەک جار یان لە کاتی پێویستدا کۆدەبێتەوە.

دوەم، ئەنجومەنی ڕایەڵە بۆ ئاگاداری لە ئاڵوگۆڕی دۆخی پیشەکەی و ناوچەکەی و هەڵسەنگاندنی کاروبارەکانی ڕایەڵەکەی، مانگی جارێک کۆدەبێتەوە.

سێیەم، ڕێکخەری ڕایەڵە، لە کۆبونەوەی مانگانەی ئەنجومەنی قەزادا نوێنەرایەتی ڕایەڵەکەی دەکا. ئەشێ لە بری ڕێکخەری ڕایەڵە، سکرتێر بەشداربێت.

چوارەم، ئەنجومەنی ڕایەڵە بۆ ڕاپەڕاندنی کارەکانی لە دۆخی ئاسایی دا لە "مەکۆی بزوتنەوەی گۆڕان" دا جێگەیەکی تایبەت بە خۆی دەبێ و لە کاتی پێویستیشدا، بە تایبەتی لە کاتی هەڵبژاردندا، بۆی هەیە بەهاوکاری لەگەڵ ئەنجومەنی قەزادا بنکە و بارەگا بکاتەوە.

## مادەی پێنجەم: ئەرکەکانی ڕایەڵە

یەکەم، ئامادەکردنی پرۆژەی هەڵسەنگاندن و توێژینەوە لە بوارە جیاوازەکانی ژیانی کۆمەڵگادا وەکو:

١–١: هەڵسەنگاندنی ئەدای کاری حکومەت و کەرتی تایبەت لە بواری ئەو پیشەیەدا.

١–٢: ئامادەکردنی پرۆژەی زانستی بۆ چاکسازی لە سیستەمی کاری پیشەی پێوەندیداردا وەکو: سیستەمی پەروەردە، تەندروستی، قەزائی، ژێرخان، تەکنۆلۆجی، بازاڕ، کشتوکاڵ، پیشەسازی و ڕۆشنبیری.

دوەم، پێشنیارکردنی ناوی کاندیدی شایستە بۆ هەر هەڵبژاردنێک (پارلەمان، پارێزگا، شارەوانی، ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی شارستانی و هتد) و بۆ هەر دەزگا و دامەزراوەیەکی هەرێم و دەوڵەتی عێراقی فیدراڵ.

سێیەم، ئامادەکردنی ژمارەی پێویستی هەڵسوڕاو بۆ وێستگەکان و بۆ بانگەشەی هەڵبژاردن، بە هاوکاری هاوپیشەکانی لە گروپەکانی پشتیوانی ڕایەڵە.

## بەشی پێنجەم: ئەنجومەنی قەزا

**<u>مادەی یەکەم</u>: پێناسەی ئەنجومەنی قەزا**

ئەنجومەنی قەزا چەتری رێکخراوەیی بزوتنەوەی گۆڕانە، هەر ئەندامێکیان بە تەنیا و هەمویان بە کۆمەڵ بەرپرسیارن لە راپەڕاندنی ئەرکە گشتیەکانی بزوتنەوەی گۆڕان و پاراستنی یەکڕیزی و ناوبانگی بزوتنەوەکە لە سنوری قەزاکەیاندا.

**<u>مادەی دوەم</u>: جیاوازی قەزاکانی هەرێمی کوردستان**

یەکەم، شارەوانی قەزاکانی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان بە گوێرەی رێژەی دانیشتوان دابەشکراون بۆ سێ پلەی ئیداری: پلەی ئەلف و پلەی بێ و پلەی جیم.

دوەم، بزوتنەوەی گۆڕان لە پۆلێنکردنی ئەنجومەنەکانی قەزاکان دا پەیڕەوەی هەمان شێوە- دابەشکردنی کردوە.

سێیەم، بزوتنەوەی گۆڕان لە پێکهێنانی ئەنجومەنەکاندا تایبەتمەندی پێکهاتەی دانیشتوانی قەزاکان لە بەرچاودەگرێ.

چوارەم، ئەنجومەنەکانی ناوچە کوردستانیە دابڕێنراوەکان دۆخی تایبەتییان دەبێ و مامەڵەی تایبەتی‌یان لە گەڵ دەکرێ.

**<u>مادەی سێیەم</u>: پلەی ئیداری قەزاکان**

یەکەم، ئەنجومەنی قەزای پلەی ئەلف

١-١: لە پارێزگای سلێمانی بریتیە لە: ناوەندی قەزای سلێمانی.

١-٢: لە پارێزگای هەولێر بریتیە لە: ناوندی قەزای هەولێر.

١-٣: لە پارێزگای دهۆک بریتیە لە: ناوەندی قەزای دهۆک.

١-٤: لە پارێزگای کەرکوک بریتیە لە: ناوەندی قەزای کەرکوک.

دوەم، ئەنجومەنی قەزای پلەی بێ

٢-١: لە پارێزگای سلێمانی بریتیە لە: قەزای پشدەر، قەزای رانیە، قەزای کەلار و قەزای چەمچەماڵ.

٢-٢: لە پارێزگای هەولێر بریتیە لە: قەزای کۆیە، قەزای سۆران و قەزای مێرگەسور.

٢-٣: لە پارێزگای دهۆک بریتیە لە: قەزای زاخۆ.

٢-٤: لە پارێزگای کەرکوک بریتیە لە: قەزای دوبز.

سێیەم.ئەنجومەنی قەزای پلەی جیم

٣–١: لە پارێزگای سلێمانی بریتیە لە: قەزای قەرەداخ، قەزای شارەزور، قەزای سەیدسادق، قەزای هەڵەبجە، قەزای شارباژێڕ، قەزای پێنجوین، قەزای ماوەت، قەزای دەربەندیخان، قەزای دوکان و قەزای کفری.

٣–٢: لە پارێزگای هەولێر بریتیە لە: قەزای ڕەواندوز، قەزای دەشتی هەولێر، قەزای شەقڵاوە، قەزای چۆمان و قەزای خەبات.

٣–٣: لە پارێزگای دهۆک بریتیە لە: قەزای سێمێل، قەزای ئامێدی، قەزای شێخان، قەزای ئاکرێ و قەزای بەردەڕەش.

٣–٤: لە پارێزگای کەرکوک بریتیە لە: قەزای داقوق.

**<u>مادەی چوارەم:</u> پێکهاتەی ئەنجومەنی قەزا**

ئەنجومەنی قەزا پێکدێ لە:

یەکەم. ئەندامانی دەستەی بەڕێوەبەر

دوەم. بازنەوانەکان

سێیەم. ڕێکخەری ئەنجومەنی رایەڵە

چوارەم. ئەندامی تەواوکار (ئەگەر هەبو)

**<u>مادەی پێنجەم:</u>**

ژمارەی دەستەی بەڕێوەبەری ئەنجومەنی قەزای پلەی ئەلف و پلەی بێ و پلەی جیم پێکدێت لە ٧ ئەندام.

یەکەم. باژێڕوان:

١–١: بەرپرسی یەکەمی ئەنجومەنی قەزایە.

١–٢: نوێنەرایەتی قەزاکەی دەکا لە جڤاتی نیشتمانی بزوتنەوەی گۆڕاندا.

١–٣: دەبێ نیشتەجێی سنوری ئەو قەزایە بێ؛ سەرچاوەیەکی ژیانی هەبێ؛ خوێندەوار بێ؛ تەمەنی لە ٢٥ساڵ کەمتر نەبێ و لە ناوچەکەدا ناسراو بێ.

دوەم، سکرتێر:

٢-١: بەرپرسە لە دیاریکردنی کات و شوێنی کۆبونەوە، تۆمارکردنی بابەتەکانی ناو کۆبونەوە و بڕیار و راسپاردەکان، هەماهەنگی نێوان هەمو بازنە و رایەڵەکانی سنوری قەزاکەیان.

٢-٢: دەبێ نیشتەجێی سنوری ئەو قەزایە بێ، سەرچاوەیەکی ژیانی هەبێ، دەبێ خوێندەوار بێت و لە بەکارهێنانی کۆمپیوتەر بزانێ.

سێیەم، بەرپرسی ئافرەتان:

٣-١: بەرپرسە لەکاروباری رێکخراوەیی ئافرەتان.

٣-٢: دەبێ نیشتەجێی سنوری ئەو قەزایە بێ و خوێندەوار بێت.

چوارەم، بەڕێوەبەری کارگێڕی:

٤-١: بەرپرسە لە راپەڕاندنی کاروباری کارگێڕی، دارایی، ژمێریاری و دابینکردنی پێداویستی لۆجستی بارەگا و بنکەکان.

٤-٢: دەبێ نیشتەجێی سنوری ئەو قەزایە بێ؛ سەرچاوەیەکی ژیانی هەبێ و شارەزایی هەبێ لە کاروباری کارگێڕییدا.

پێنجەم، بەڕێوەبەری میدیا:

٥-١: بەرپرسە لە کاروباری میدیایی سنوری قەزاکەی و پەیوەندی لە گەڵ دەزگاکانی راگەیاندن. ئەگەر پێویستی کرد هەواڵی کۆبونەوە گرنگەکانی ئەنجومەنی قەزا و بڕیارەکانی، بە هەماهەنگی لەگەڵ ژوری رۆژنامەوانی بۆ رای گشتی بڵاودەکاتەوە.

٥-٢: دەبێ نیشتەجێی سنوری ئەو قەزایە بێ؛ لەکاری میدیایی شارەزابێت؛ سەرچاوەیەکی ژیانی هەبێ؛ خوێندەوار بێت و لە بەکارهێنانی کۆمپیوتەر بزانێ.

شەشەم، بەڕێوەبەری پەیوەندی گشتی:

٦-١: بەرپرسە لە پەیوەندی لەگەڵ: حیزب و رێکخراوە سیاسیەکان، رێکخراوەکانی کۆمەڵی شارستانی و داوودەزگاکانی حکومەت.

٦-٢: دەبێ نیشتەجێی سنوری ئەو قەزایە بێ؛ سەرچاوەی ژیانی هەبێت؛ خوێندەوار بێت و لەبەکارهێنانی کۆمپیوتەر شارەزابێت.

حەوتەم، نوێنەری ژوری هەڵبژاردن: بەرپرسە لەکاروباری هەڵبژاردنی قەزاکە؛ بە شێوازی دانان دەبێت و ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەرە.

هەشتەم، نوێنەری ژوری پەیجوری: کاری هەڵسەنگاندن و بەدواداچون لە سنوری قەزادا دەکات، دەتوانێت بەشداری بکات لە کۆبونەوەکانی ئەنجومەندا بەڵام ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەر نیە.

**<u>مادەی شەشەم</u>: ئەندامی تەواوکار**

یەکەم، ئەندامی تەواوکار بە پێی ڕێژەی دەنگی بە دەستهاتوی گۆڕان لە هەڵبژاردنی گشتی‌دا لە هەر قەزایەکدا لە چاو ژمارەی کورسیەکانی ناو پەرلەماندا، دیاری دەکرێ.

دوەم، لە گەڵ هەڵبژاردنی ئەندامانی دەستەی بەڕێوەبەری قەزادا، هەڵبژاردنی بۆ دەکرێت.

سێیەم، ژمارەی ئەندامی تەواوکار لەگەڵ گۆڕانی ڕێژەی دەنگی بەدەستهاتوی گۆڕاندا لە هەڵبژاردنی گشتی دا دەکرێت بگۆڕدرێت.

چوارەم، ئەرکەکانی ئەندامی تەواوکار:

٤–١: لەگەڵ باژێڕوان نوێنەرایەتی قەزاکەی دەکات لە جڤاتی نیشتمانیدا.

٤–٢: ئەندامی ئەنجومەنی قەزاکەی دەبێ.

٤–٣: لە کاتی ئامادەنەبونی باژێڕواندا کارەکانی رایی دەکا.

٤–٤: بە پێی شارەزایی، جڤاتی نیشتیمانی کاری پێ دەسپێرێ.

**<u>مادەی حەوتەم</u>: کۆبونەوەی دەوریی**

یەکەم، تێکڕای ئەندامانی ئەنجومەنی قەزا هەمو مانگێ کۆبونەوەی ئاسایی دەکەن هەروەها لە کاتی پێویستدا لە سەر داوای نیوەی ئەندامەکانی یان دوسێیەکی ئەندامانی ئەنجومەنی بازنەکان و ئەنجومەنی رایەڵەکان.

دوەم، دەستەی بەڕێوەبەر لانی کەم مانگی ٢ جار کۆبونەوەی ئاسایی خۆی دەکات.

سێیەم ، لە کۆبونەوەکاندا کار بە بنەمای "سەرکردایەتی بە کۆمەڵ" دەکرێ و، بڕیارەکان بە پێی بنەمای "زۆرایەتی رەها" دەدرێن .

چوارەم، کۆبونەوەی مانگانەی ئەنجومەنی قەزا بە سەرپەرشتی باژێڕوان دەبێت و گەر ئەو نەیتوانی، ئەشێ بە سەرپەرشتی سکرتێر بێ.

پێنجەم، کۆبونەوەی مانگانەی نوێنەرانی قەزاکان بە سەرپەرشتی باژێڕوان دەبێت و گەر ئەو نەیتوانی، ئەشێ بە سەرپەرشتی سکرتێر بێ.

## مادەی هەشتەم: پەیوەندی ئەنجومەن و پەرلەمانتار

دەستەی بەڕێوەبەری ئەنجومەنی قەزا پەیوەندی ئەنجومەنەکەیان لە گەڵ نوێنەرەکانی قەزاکەیان لە فراکسیۆنەکانی گۆڕان لە پەرلەمانی کوردستان، ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق و ئەنجومەنی پارێزگا، بەشێوەیەکی دەوری ڕێکدەخا. ئەگەر قەزاکەیان لە یەکێ لەو دامەزراوە هەڵبژێردراوانەدا نوێنەری نەبو، ئەوا پەیوەندی ئەنجومەنەکەیان لەگەڵ نوێنەرەکانی نزیکترین قەزادا ڕێکدەخا:

یەکەم، بۆ ئامادەبون و بەشداری‌کردنیان لە کۆبونەوەی دەوری و کۆبونەوەی پێویست و لە چالاکی کۆڕ و کۆبونەوە فراوانەکانی ئەنجومەندا.

دوەم، بۆ ئاگاداربونی ئەنجومەنی قەزا لە چالاکیەکانی ئەوان و بەهێزکردنی پەیوەندییان لەگەڵ دامەزراوەکانی بزوتنەوەی گۆڕان و خەڵکی ناوچەکە لە سنوری قەزاکەیاندا.

## مادەی نۆیەم: ڕەوتی کۆبونەوەکان

یەکەم، نەریتی سیاسی لە ناو بزوتنەوەی گۆڕاندا، وا پێویست دەکا لە کۆبونەوەکاندا دەربڕینی بیروبۆچون و گفتوگۆ هەرچۆنێک بێ ئازاد بێ؛ بریندارکەر نەبێ؛ گوێ لە یەکتری بگیرێت؛ ڕێگە بە یەکتری بدرێت بە ڕاشکاوی قسەبکرێت؛ ڕێز لە بیر و رای جیاوازی یەکتری بگیرێت بەڵام دەشبێ پارێزگاری لە تایبەتمەندی و نهێنیبونی هەندێ لە باسەکان بکرێت.

دوەم، هەر ئەندامێ بە پێچەوانەی ئەمەوە ڕەفتاری کرد لێپرسینەوەی لە گەڵ دەکرێ.

## مادەی دەیەم: لێپرسینەوە

هەر هەڵسوڕاوێک لە پرەنسیپە گشتیەکانی بزوتنەوەی گۆڕان لایدا و زیانی بە بزوتنەوەکە گەیاند، یان کەمتەرخەمی کرد لەکارەکانیدا، دوای هەڵسەنگاندنی لادانەکەی لەلایەن ژوری پەیجوری و ژوری یاسایەوە، جۆری لێپرسینەوەکەی دیاری دەکرێت.

## مادەی یانزەیەم: ڕونکردنەوە

یەکەم، دەستەی بەڕێوەبەر پاش ڕاوێژ بە ژور و ئۆرگانە پەیوەندیدارەکانی بزوتنەوەی گۆڕان، بۆی هەیە لە کاتی پێوستدا ڕونکردنەوە لە سەر هەندێ پرسی پەیوەندیدار بە قەزاکەیانەوە بدا.

دوەم، باژێڕوان یان هەر هەڵسوڕاوێکی دەستەی بەڕێوەبەر، کە لە لەلایەن دەستەکەوە ڕاسپێردرابێ، بۆی هەیە لە بۆنە گشتیەکاندا، لە چوارچێوەی بەرنامەی سیاسی بزوتنەوەی گۆڕان و پەیام و هەڵوێست و لێدوانە فەرمیەکانی‌دا، بەنوسراو یان بە زارەکی، هەڵوێست و ئامانجەکانی بزوتنەوەی گۆڕان ڕونبکاتەوە.

**<u>مادەی دوانزەیەم</u>: ڕێکەوتنی سیاسی**

دەستەی بەڕێوەبەر بۆی نیە ڕێککەوتنی سیاسی و یاداشتی هاوبەش لەگەڵ هیچ لایەنێکی سیاسیدا ئیمزابکات.

**<u>مادەی سیانزەیەم</u>: تواناسازی هەڵسوڕاوان**

دەستەی بەڕێوەبەر، بۆ گەشەپێدانی ئاستی تواناسازی و فراوانکردنی شارەزایی ئەندامانی ئەنجومەنی قەزا و هەڵسوڕاوەکانی سنوری قەزاکەی بە هەماهەنگی لەگەڵ ژورەکانی بزوتنەوەی گۆڕان بە گشتی و لە گەڵ هەر ژورێک لە بواری پسپۆڕیەکەیدا بە تایبەتی ، بۆی هەیە خولی ڕاهێنان، ۆرکشۆپ، کۆڕ و کۆبونەوە سازبکات.

**<u>مادەی چواردەیەم</u>: سەرچاوەی ژیانی هەڵسوڕاوەکان**

یەکێ لە مەرجەکانی سپاردنی کار بە هەڵسوڕاوانی بزوتنەوەی گۆڕان ئەوەیە کە سەرچاوەیەکی ژیانی هەبێ، ئەمە بە واتای ئەوە نیە بزوتنەوەی گۆڕان هاوکاری دارایی هەڵسوڕاوەکانی ناکا. بەڵکو مەبەست ئەوەیە کاتێ ئەو هەڵسوڕاوە ئیتر کاری ڕێکخراوەیی ناکا، بتوانێ بگەڕێتەوە سەرکارەکەی پێشوی و ڕێکخراوەکان و ئۆرگانەکانی گۆڕان نەبنە جێگەی کۆبونەوەی کەسانێ کە هیچ پیشەیەکیان نەبێ جگە لە حیزبایەتی و، موچەی حیزبی ببێ بە تەنیا سەرچاوەی ژیانی خۆیان و خێزانەکانیان؛ بەوەش ڕێ لە نوێبونەوەی ئۆرگانەکان بگیرێ.

## بەشی شەشەم: هەڵبژاردنی دەستەی بەڕێوەبەری بازنە، ڕایەڵە، ئەنجومەنی قەزا

**<u>مادەی یەکەم</u>: سەرپەرشتی هەڵبژاردن**

یەکەم، ژوری هەڵبژاردن، بە هەماهەنگی لەگەڵ ژوری پەیجوری، بەرپرسە لە ڕێکخستنی پرۆسەی هەڵبژاردن.

دوەم، هەڵبژاردن، لە سەرەتای دەسپێکردنەوە تا دەرچونی ئەنجامەکانی، لە لایەن لیژنەیەکەوە کە لە سێ ئەندام پێکهاتوە ئەنجام دەدرێ.

٢–١: پارێزەرێکی ئەندامی سەندیکای پارێزەران، بەرپرس.

٢–٢: کارمەندێکی ڕێکخراوێکی کۆمەڵگای شارستانی، ئەندام.

٢–٣: نوێنەرێکی ژوری هەڵبژاردنی بزوتنەوەی گۆڕان، ئەندام.

سێیەم، هیچ کام لەو سێ ئەندامەی سەرپەرشتی پرۆسەی هەڵبژاردن دەکەن، بۆی نیە خۆی کاندید بکات، یان بە قازانجی هیچ کاندیدێک پرۆپاگاندە بکات.

چوارەم، هەڵبژاردن بە دەنگدانی نهێنی و راستەوخۆ، لە یەک رۆژدا لە کاتژمێر ٨ ی بەیانیەوە تا کاتژمێر ٦ ی ئێوارە، ئەنجام دەدرێ.

پێنجەم، بۆ ئەوەی رێگە بە دەنگدەر بدرێ لە پرۆسەی دەنگداندا بەشداری بکا، دەبێ لە کاتی هەڵبژاردندا ناسنامەیەکی باوەرپێکراوی کەسێتی پیشان بدات.

## مادەی دوەم: شێوازی هەڵبژاردن

یەکەم، هەر هەڵسوڕاوێکی بزوتنەوەی گۆڕان لە هەر ئاستێکی رێکخراوەیی دا بێ، ئەگەر ناوی لە تۆماری دەنگدەراندا نوسرابێ و مەرجەکانی تێدا بێ، بۆی هەیە بەشداری لە هەڵبژاردنەکاندا بکا.

دوەم، دەتوانێت خۆی کاندیدبکا بۆ هەر یەکێ لە ئەرکەکانی ئەندامەتی دەستەی بەڕێوەبەری بازنە، ئەنجومەنی رایەڵە و ئەنجومەنی قەزا.

سێیەم، پشتیوان دەتوانێ سێ مانگ پێش هەڵبژاردنەکان ناوی خۆی لە لیستی تۆماری دەنگدەراندا تۆمار بکات، تا مافی دەنگدان و خۆکاندیدکردنی هەبێت بۆ هەر یەکێ لە پۆستەکان، ئەگەر مەرجەکانی تێدابێ.

چوارەم، خۆکاندیدکردن بۆ پۆستەکانی دەستەی بەڕێوەبەری بازنە، رایەڵە، قەزا بە تەنها دەبێ و، هەریەکەیان بە تەنیا و بە دیاریکراوی بۆ یەکێ لە پۆستەکان خۆی کاندید دەکا.

## مادەی سێیەم: رێکخستنی تۆماری دەنگدەران

یەکەم، ژوری پەیجوری، بە هەماهەنگی لەگەڵ ژوری هەڵبژاردندا، بەرپرسە لە رێکخستنی تۆماری دەنگدەران.

دوەم، تەنها ئەو هەڵسوڕاوانەی ناویان لە تۆماری دەنگدەراندا نوسراوە، لە پرۆسەی هەڵبژاردندا مافی دەنگدانیان هەیە.

سێیەم، یەک مانگ پێش بانگەشەی هەڵبژاردن تا دوای پرۆسەی هەڵبژاردن، تۆمارکردنی ئەندامی نوێ رادەگیرێت.

چوارەم، پێویستە لیستی تۆماری دەنگدەران بە شێوەیەکی دەوری و مانگانە رێکبخرێتەوە.

پێنجەم، لەهەڵبژاردنی دەستەی بەڕێوەبەری بازنەدا ئەو هەڵسوڕاوانەی ناویان لە تۆماری دەنگدەراندا تۆمار دەکرێت بریتیە لە:

٥–١: ئەندامانی دەستەی بەڕێوەبەری ئێستا

٥–٢: ئەندامانی ئەنجومەنی بازنە (بنکەوان)

٥–٣: ئەندامانی ئەنجومەنی بنکە (وێستگەوان)

٥–٤: ئەندامانی ئەنجومەنی وێستگە (کە بە ڕێنمایی تایبەتی ڕێکخراوە)

شەشەم، لەهەڵبژاردنی دەستەی بەڕێوەبەری رایەڵەدا، ئەو هەڵسوڕاوانەی ناویان لە تۆماری دەنگدەراندا تۆمار دەکرێت:

٦–١: ئەندامانی دەستەی بەڕێوەبەری ئێستا.

٦–٢: ڕێکخەری رایەڵە.

٦–٣:ئەندامانی ئەنجومەنی رایەڵە.

٦–٤: ئەندامانی رایەڵە.

حەوتەم، لەهەڵبژاردنی دەستەی ئەنجومەنی قەزادا، ئەو هەڵسوڕاوانەی ناویان لە تۆماری دەنگدەراندا تۆمار دەکرێت:

٧–١: ئەندامانی دەستەی بەڕێوەبەری ئێستا.

٧–٢: بازنەوان و ئەندامانی دەستەی بەڕێوەبەری بازنە، کە بە پێی دەستوری ناوخۆ هەڵبژێردراون.

٧–٣: ڕێکخەر و ئەندامانی دەستەی بەڕێوەبەری رایەڵە، کە بە پێی دەستوری ناوخۆ هەڵبژێردراون.

## <u>مادەی چوارەم:</u> داوا و سکاڵا و تانە

یەکەم، ئەگەر هەڵسوڕاوێک، کە پێشتر ناوی لە بەر هەر هۆیەک لە تۆماری دەنگدەراندا نەنوسرابو، ویستی بەشداری پرۆسەکە بێ، چ بۆ خۆکاندیدکردن یا بۆ دەنگدان، بۆی هەیە داواکەی بەنوسراو بباتە لای ژوری یاسایی.

دوەم، داوا وسکاڵا و تانەلێدان لە سەرجەم پرۆسەی هەڵبژاردنەکە، لە کردنەوەی دەرگای خۆپاڵاوتنەوە تا راگەیاندنی ئەنجامی هەڵبژاردنەکان، بە نوسراو تۆماردەکرێ و دەدرێت بە ژوری یاسایی.

سێیەم، ژوری یاسایی، بە راوێژ لەگەڵ ژوری پەیجوری و ژوری هەڵبژاردندا، دوا بڕیار لەسەر داوا و تانە وسکاڵاکان دەدات.

**<u>مادەی پێنجەم</u>: پوچەڵکردنی دەنگ**

هیچ دەنگدەرێ بۆی نیە، لە پرۆسەیەکی هەڵبژاردنی دیاری کراودا، لە یەک جار زیاتر دەنگبدا. بەپێچەوانەوە دەنگەکەی پوچەڵ دەکرێتەوە و لێپرسینەوەی لەگەڵدا دەکرێت.

**<u>مادەی شەشەم</u>: خۆناساندن**

یەکەم، مێدیاکانی گۆڕان بەرپرسن لە رێکخستنی لایەنی میدیایی پرۆسەکە.

دوەم، هەمو کاندیدەکان بۆ خۆناساندن بە هەڵسوڕاوانی گۆڕان، لە سایتی فەرمی و لە دەزگاکانی راگەیاندنی بزوتنەوەی گۆڕاندا، هەلی یەکسانیان بۆ دەرەخسێندرێ لەو سنورەی کە هەڵبژاردنەکەی تێدا دەکرێت.

**<u>مادەی حەوتەم</u>: جێگرتنەوە**

ئەگەر ئەندامێکی هەڵبژێردراو لە بەر هەر هۆیەک ئەرکەکانی بەجێ‌نەهێنا، پاش ئاگادارکردنەوەی ئەگەر هەر بەردەوام بو لەکەمتەرخەمیەکانی، لەکۆبونەوەی فەرمی ئەنجومەندا بە نوێنەرایەتی ئەندامێکی زۆری پەیجوری بە یەکێ لەم دو رێگایە شوێنەکەی پڕدەکرێتەوە:

یەکەم، بە دانانی ئەو کاندیدەی کە لە ریزبەندی ناوەکان لە هەڵبژاردندا دوای ئەو زۆرترین دەنگی هێناوە.

دوەم، ئەگەر ئەو کەسە لە لایەن زۆرایەتی ئەندامانی ئەنجومەنەکەوە پەسەندنەکرا و لە ریزبەندی ناوەکاندا کەسی تر نەبو، ئەوسا دوبارە هەڵبژاردنەوەی بۆ دەکرێتەوە.

**<u>مادەی هەشتەم</u>: ماوەی کارایی**

یەکەم، خولی هەڵبژاردن دو ساڵ جارێک دەبێت،

دوەم، دەستەی بەرێوەبەری بازنە، رایەڵە و قەزا لە دوو خولی هەڵبژاردن زیاتر ناتوانێت بۆ هەمان پۆست خۆی کاندید بکاتەوە.

## بەشی حەوتەم: رەوەندی کوردی

**<u>مادەی یەکەم</u>: ئەنجومەنی وڵات**

یەکەم، پێناسەی ئەنجومەنی وڵات:

١-١: لە هەر وڵاتێکی دەرەوەی کوردستان رەوەندی کوردی لێ نیشتەجێ بێ، ئەشێ "ئەنجومەنی وڵات" ی لێ دابمەزرێندرێ.
١-٢: لە هەمو وڵاتێکدا ئەشێ چەندین "ئەنجومەنی بازنە" هەبن، بەڵام دەبێت تەنیا یەک "ئەنجومەنی وڵات" هەبێ.
١-٣: ئەنجومەنی وڵات چەتری رێکخراوەیی بزوتنەوەی گۆڕان دەبێت لەو وڵاتەدا، هەر ئەندامێکیان بە تەنیا و هەمویان بە کۆمەڵ بەرپرسیار دەبن لە راپەڕاندنی ئەرکە گشتیەکانی بزوتنەوەی گۆڕان و پاراستنی یەکرێزی و ناوبانگی بزوتنەوەکە لە ناو رەوەندی کوردی سنوری وڵاتەکەیاندا.

دوەم، ئەرکەکانی ئەنجومەنی وڵات:

٢-١: دانانی پلانی ساڵانە بۆ ئەنجامدانی چالاکی رۆشنبیری، کۆمەڵایەتی، هونەری و سیاسی.

٢-٢: بەهێزکردنی پەیوەندی نێوان رەوەندی کوردی تاراوگە و خەڵکی کوردستان و دامەزراوەکانی ناو هەرێم.

٢-٣: بەشداری چالاکانە لە هەڵبژاردنە گشتیەکانی عێراقی فیدراڵ و هەرێمی کوردستاندا.

٢-٤: هەوڵدان بۆ گەیاندنی نوێنەری رەوەندی کوردی بە دامەزراوەکانی وڵاتانی نیشتەجێ لەوانە: پەرلەمان، شارەوانی، رێکخراوەکانی کۆمەڵگای شارستانی و حیزبە سیاسیەکان.

٢-٥: هاندانی سەرمایەداران و پسپۆڕانی رەوەندی کوردی بۆ کارکردن لە کوردستان، لە بواری سەرمایەگوزاریی، زانست، تەکنەلۆجیا و ئامادەکردنی پرۆژەی جۆراوجۆردا.

٢-٦: دۆزینەوەی کادری دەوڵەتیی شارەزا لە بوارە جیاوازەکانی ژیاندا.

٢-٧: هەوڵدان بۆ دروستکردنی نەواتی لۆبی کوردی.

٢-٨: چاودێری کاری دەستەی بەڕێوەبەر و دڵنیابون لە جێبەجێکردنی راسپاردەکانی ئەنجومەنی وڵات، لە ماوەی نێوان دو کۆبونەوەی ئەنجومەنی وڵاتدا.

سێیەم، پێکهاتەی ئەنجومەنی وڵات:

ئەنجومەنی وڵات پێکدێ لە:

٣-١: ئەندامانی دەستەی بەڕێوەبەر

٣–٢: بازنەوانەکانی سەرانسەری وڵاتەکە

٣–٣: ڕێکخەری ڕایەڵەکان (ئەگەر هەبون)

**<u>مادەی دوەم</u>: بنکە و ئەنجومەنی بازنە**

یەکەم، پێناسەی بنکە و بازنە:

بنکە یەکەی بنەڕەتیی پێکهێنانی بازنەیە. بازنە یەکەی ڕێکخراوەیی سەرەکی بزوتنەوەی گۆڕانە بۆ پەیوەندی لەگەڵ ڕەوەندی کوردی نیشتەجێی شارێ یا چەند شار و ناوچەی وڵاتێک.

دوەم، دیاریکردنی سنوری بازنە:

٢–١: سنوری کاری بازنە بە سنوری جوگرافی دیاری دەکرێ، بەم جۆرە:

٢–١–١: سنوری هەر شارەوانیەک کە ٢٥ هەڵسوڕاو یا زیاتری لێ بێ.

٢–١–٢: سنوری چەند شارەوانیەکی نزیک لە یەک، کە پێکەوە ٢٥ هەڵسوڕاو یا زیاتریان لێ بێ. ئەگەر کەمتر بون، دەکرێت لەگەڵ نزیکترین بازنەی جوگرافی یەکبگرن یان وەکو بنکە کاربکەن.

٢–٢، هەمو بازنەیەک ئەشێ بە پێی دابەشبونی شارەوانیەکانی ناوچەکەی، هەڵسوڕاوەکانی دابەش بکا بە سەر چەند بنکەیەکدا.

٢–٢–١: لە هەر گوند و لە هەر شارەدێ و لە ناوەندی هەر شارێکدا گەر چەند هەڵسوڕاوێکی گۆڕانی لێ بێ، دەتوانن پێکەوە بنکەیەک یا چەند بنکەیەک پێک بهێنن.

٢–٢–٢: لانی کەمی ژمارەی ئەندامانی بنکە دەبێت ٧ هەڵسوڕاو بێ.

٢–٢–٣: هەمو بنکەیەک دەتوانێ چەندین گروپی پشتیوان دابمەزرێنێ.

٢–٢–٤: ئەندامانی گروپی پشتیوان و هەڵسوڕاوانی ئەنجومەنی بنکە دەتوانن، بە پێی هەلومەرجی تایبەتی خۆیان، شێوەی پەیوەندیەکانی نیوان خۆیان و جۆری کۆبونەوەکانیان ڕێکبخەن.

٢–٢–٥: هەمو بنکەیەک بنکەوان، سکرتێر و بەڕێوەبەری کارگێڕی لە ناو خۆیدا بە هەڵبژاردن، یا بە پێکهاتن و یا بە تیروپشک، دیاری دەکات.

٢–٣: دەستەی بەڕێوەبەر و بنکەوانەکان پێکەوە ئەنجومەنی بازنە پێکدەهێنن.

٢-٤: هەر وڵاتێ ژمارەی بازنەکانی لە ٣ بازنە کەمتر بو، بەدەر لەم ڕێنماییە، بە پێی هەلومەرجی تایبەتی وڵاتەکە، مامەڵەی تایبەتی لەگەڵ دەکرێ.

٢-٥: هەر بازنەیەک، بۆ ناسینەوە و جیاکردنەوەی، ناوێکی تایبەت یان ژمارەیەکی تایبەت بە خۆی دەبێ. ئەشێ بە هەمان ناوی ئەو شارە یا ئەو ناوچەیەوە بێ کە شوێنی دانیشتنی هەڵسوڕاوەکانیەتی.

٢-٦: هەڵسوڕاوانی سنوری بازنە، بۆ ڕاپەڕاندنی کاروباری بازنەکەیان، "دەستەی بەڕێوەبەر" هەڵدەبژێرن.

سێیەم، دەستەی بەڕێوەبەری بازنە:

دەستەی بەرێوەبەری بازنە پێکدێ لە:

٣-١، بازنەوان

بەرپرسی یەکەمی دەستەی بەڕێوەبەرە؛ سەرپەرشتی ئەنجومەنی بازنە دەکات و بەرپرسە لە کاری ڕێکخراوەی سنورەکەی.

٣-٢، سکرتێری بازنە

٣-٢-١: بەرپرسە لەتۆمارکردن و پاراستنی لیستی ناوی هەڵسوڕاوانی بزوتنەوەی گۆڕان و پشتیوانەکانی.

٣-٢-٢: بەرپرسە لە ڕێکخستنی کات و شوێنی کۆبونەوەی ئەنجومەن؛ ئاگادارکردنی ئەندامەکانی و ئامادەکردنی کۆنوسی کۆبونەوەکان.

٣-٢-٣: گەیاندنی هەواڵی چالاکی و کۆبونەوە و ڕوداوە گرنگەکانی ناوچەکەیان بە ئەنجومەنی وڵات و ئەگەر پێویستی کرد بە دەزگاکانی ڕاگەیاندنی گۆڕان.

٣-٢-٤: پێویستە خوێندەوار بێت و شارەزای کۆمپیوتەر بێت.

٣-٣، بەڕێوەبەری کارگێڕی

٣-٣-١: بەرپرسە لە ڕاگرتنی داهات و خەرجی دارایی بازنە.

٣-٣-٢: بەرپرسە لە دابینکردنی پێداویستیە لۆجستیەکانی بازنەکەی و ئامادەکردنی شوێنی کۆبونەوە.

٣-٤: بەڕێوەبەری پەیوەندی گشتی

بەرپرسە لە دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ ئەندامانی ڕەوەندی کوردی. بە ڕاوێژ لەگەڵ پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکانی ئەنجومەنی وڵاتدا، بەشداری بۆنە کۆمەڵایەتی و کلتوری و نیشتیمانیەکان دەکات.

٣-٥: نوێنەری ژوری هەڵبژاردن، لە هەر بازنەیەکدا کە سندوقی هەڵبژاردنی لێ بێت، بە دانان دەبێ.

**چوارەم، ئەرکەکانی بازنە بریتیە لە:**

٤–١: سازدان و بەشداری چالاکی و بۆنە سیاسی، کۆمەڵایەتی، نیشتیمانی و فەرهەنگیەکانی رەوەندی کوردی.

٤–٢: بەسەرکردنەوەی هەڵسوڕاوان و پەیداکردنی پشتیوانی نویٚ بۆ گۆڕان.

٤–٣: کۆکردنەوەی کۆمەکی دارایی بۆ چالاکیەکانی گۆڕان.

٤–٤: ئاگادارکردنی دەستەی بەڕێوەبەری ئەنجومەنی وڵات لە هەر روداوێک کە لە سنوری بازنەکەی‌دا رودەدات.

**<u>مادەی سێیەم</u>: پێکهاتەی دەستەی بەڕێوەبەری ئەنجومەنی وڵات**

یەکەم، دابەشکردنی ئەرکەکان

١–١: دەستەی بەڕێوەبەر، لە نێوان دو کۆبونەوەی ئەنجومەنی وڵاتدا، بەرپرسە لە جێبەجێکردنی بڕیار و راسپاردە و ئەرکەکانی ئەنجومەن.

١–٢: ئەندامانی دەستەی بەڕێوەبەری ئەنجومەنی وڵات، بە تەنیا و هەموشیان بە کۆمەڵ، بەرپرسیارن لە راپەڕاندنی ئەرکە گشتیەکانی بزوتنەوەی گۆڕان و پاراستنی یەکڕیزی و ناوبانگی بزوتنەوەکە لە سنوری وڵاتدا.

١–٣: بۆ ئەوەی تێکەڵاویی لە کار و فرمانەکانی ئەندامانی دەستەی بەڕێوەبەری ئەنجومەنی وڵاتدا رونەدا؛ نابێت هیچ لەو ئەندامانە دەست وەربدەنە کاروباری ئەوی تریان؛ و هەر یەکێ لەوان ئەرک و سنوری کارەکانی خۆی بزانێ، پێویستە بە وردی پێڕەوی خاڵی دوەمی ئەم مادەیە بکرێ.

دوەم، پێکهاتەی "دەستەی بەڕێوەبەر" ی ئەنجومەنی وڵات و ئەرکەکانی:

دەستەی بەڕێوەبەری ئەنجومەنی وڵات پێکدێ: لە ٧ ئەندام.

٢–١: بەرپرسی ئەنجومەن

٢–١–١: بەرپرسی یەکەمی ئەنجومەنی وڵاتە.

٢–١–٢: بەرپرسە لە پاراستنی پەیوەندی هاوڕێیەتی و تەبایی و سازان لە نێوان سەرجەم ئەندامانی دەستە و ئەنجومەن و هەڵسوڕاوەکانی بزوتنەوەی گۆڕان لەو وڵاتەدا.

٢–١–٣: هاوکاری ئەندامانی دەستەی بەڕێوەبەرە بۆ ئەوەی هەریەکەیان لە سنوری ئەرکەکەی خۆی دا کارەکانی ئەنجام بدا.

٢–١–٤: بە هەماهەنگی لەگەڵ ژوری هەڵبژاردن و ژوری رەوەندی کوردی، بەرپرسە لە بەڕێوەبردنی پرۆسەی هەڵبژاردنە گشتی و راپرسیە گشتیەکانی عێراقی فیدراڵ و و هەرێمی کوردستان.

٢–٢: سکرتێری ئەنجومەن

٢–٢–١: بەرپرسە لە دیاریکردنی کات و شوێنی کۆبونەوە؛ تۆمارکردنی بابەتەکانی ناو کۆبونەوە و بڕیار و راسپاردەکانی.

٢–٢–٢: هەماهەنگی نێوان هەمو بازنە و رایەڵەکانی سنوری وڵاتەکەی دەکات.

٢–٢–٣: بە هەماهەنگی لەگەڵ ژوری رۆژنامەوانی هەواڵی چالاکیەکانی ئەنجومەنی وڵات و رەوەندی کوردی و روداوە گرنگەکانی وڵات لە دەزگاکانی راگەیاندن و سایتی فەرمی بزوتنەوەدا بڵاو دەکاتەوە.

٢–٢–٤: پێویستە خوێندەوار بێت و شارەزای بەکارهێنانی کۆمپیوتەر بێت.

٢–٣: بەڕێوەبەری لۆجستی

٢–٣–١: بەرپرسە لە راپەڕاندنی کاروباری کارگێڕی، دارایی و ژمێریاری.

٢–٣–٢: بەرپرسە لە کۆکردنەوەی کۆمەکی دارایی بۆ ئەنجامدانی چالاکیەکانی بزوتنەوەکە.

٢–٣–٣: بەرپرسە لە دابینکردنی پێویستی لۆجستی ئەنجومەن و بازنەکانی؛ ئامادەکردنی شوێنی کۆڕ و کۆبونەوە و سیمینارەکانیان و شوێنی بۆنە کۆمەڵایەتی و سیاسی و فەرهەنگیەکان.

٢–٤: بەڕێوەبەری پەیوەندی کۆمەڵایەتی رەوەندی کوردی

٢–٤–١: بەرپرسە لە دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ توێژ و گروپە جیاوازەکانی رەوەندی کوردی و بەشداری لە خۆشی و ناخۆشیەکانی دا.

٢–٤–٢: بەرپرسە لە سازدان و بەشداریکردنی بۆنە نەتەوەیی و نیشتمانیەکانی کوردستانیانی وڵاتدا.

٢–٤–٣: بەرپرسە لە پەیوەندی لەگەڵ حیزب و رێکخراو و ناوەندە کوردستانیەکان.

٢–٤–٤: بە هەماهەنگی لەگەڵ ژوری پەیوەندی نیشتمانی، لە کۆنفرانسی نیشتیمانی و کۆبونەوەی حیزبە سیاسیە کوردستانیەکانی وڵاتەکەدا، نوێنەرایەتی بزوتنەوەی گۆڕان دەکا.

٢–٥: بەڕێوەبەری پەیوەندی گشتی

٢–٥–١: بەرپرسە لە پەیوەندی لەگەڵ وەزارەتی دەرەوەی وڵاتی نیشتەجێ و حیزبە سیاسیەکان، ئەندامانی پەرلەمان، رێکخراوەکانی کۆمەڵی شارستانی و دەزگاکانی راگەیاندنی ئەو وڵاتەدا.

٢–٥–٢: بە هەماهەنگی لە گەڵ ژوری پەیوەندی دیپلۆماسی و ئەنجومەنی وڵاتدا، لە کۆنفرانسی نیشتیمانی و کۆبونەوەی حیزبە سیاسیەکانی وڵاتەکەدا، نوێنەرایەتی بزوتنەوەی گۆڕان دەکا.

٢–٥–٣: بەڕێوەبەری پەیوەندی گشتی دەبێت زمانی وڵاتەکە، بە خوێندنەوە و بە نوسین، بە چاکی بزانێ.

٢–٦: رێکخەری رایەڵەی پیشەیی

٢–٦–١: رایەڵە بە جۆری پیشە و پێگەی جەماوەری دیاری دەکرێت بۆ دۆزینەوە و دامەزراندنی پەیوەندی لەگەڵ کەسایەتیە هەڵکەوتوە کوردستانیەکان لە بوارەکانی زانست و تەکنۆلۆجیا، مامۆستایانی زانکۆ، پزیشک، وەرزشکار، هونەرمەند، بازرگان، ئەندازیار، یاسایی، فەرمانبەر، کەسایەتی، پێشمەرگە، نەوەی نوێ و هتد.

٢–٦–٢: رێکخەری رایەڵەی پیشەیی دەبێت خۆی خاوەنی بڕوانامەیەکی ئاکادیمی بێ.

٢–٧: نوێنەری ئافرەتان بەرپرسە لە،

٢–٧–١: بە دواداچونی پرسی ئافرەتی کوردستانیی لەو وڵاتەدا.

٢–٧–٢: هەوڵدان بۆ دۆزینەوە و پێگەیاندنی هەڵسوڕاوی نوێی چالاکی بواری ئافرەتان لە ناو کابان، فەرمانبەران، کارمەندان و خوێندکاراندا.

٢–٧–٣: دامەزراندنی تۆڕی پەیوەندی لەگەڵ ئافرەتانی پشتیوانی گۆڕان و لەگەڵ ئافرەتانێ کە ناخوازن کاری رێکخراوەیی بکەن.

٢–٧–٤: دامەزراندنی پەیوەندی لەگەڵ رێکخراوەکانی کۆمەڵگای شارستانی تایبەت بە ئافرەتان و رێکخراوی ئافرەتانی سەر بە لایەنە سیاسیەکان.

٢–٧–٥: دەبێ خوێندەوار بێت.

**<u>مادەی چوارەم</u>: رەوتی هەڵبژاردن**

رێکخستنی تۆماری دەنگدەران:

١: دەستەی بەرێوەبەری وڵات و ئەنجومەنی بازنە، بە هاوکاری ژوری رەوەندی کوردی، بەرپرسن لە رێکخستنی تۆماری دەنگدەرانی هەر بازنەیەک بە جیا و هەر وڵاتێک بە جیا.

٢: تەنیا ئەو هەڵسوڕاوانەی ناویان لە تۆماری دەنگدەراندا نوسراوە، لە پرۆسەی  هەڵبژاردندا مافی دەنگدانیان هەیە.

٣: ئەو هەڵسوڕاوانەی ناویان لە تۆماری دەنگدەراندا دەنوسرێ بریتین لە:

٣–١: ئەندامانی دەستەی بەڕێوەبەری بازنەکانی ئێستا.

٣–٢: ئەندامانی ئەنجومەنی بازنەکان.

٣–٣: ئەندام و هەڵسوڕاوانی بنکەکان (ئەگەر هەبون).

٤: هەر هەڵسوڕاوێکی بزوتنەوەی گۆڕان، لە هەر ئاستێکی رێکخراوەییدا بێ، ئەگەر ناوی لە تۆماری دەنگدەراندا نوسرابێ و مەرجەکانی تێدابێ، بۆی هەیە بەشداری لە هەڵبژاردندا بکا و هەروەها بۆ هەر یەکێ لە پۆستەکانی ئەندامەتی دەستەی بەڕێوەبەری بازنە و ئەنجومەنی وڵات، خۆی کاندیدبکا.

٥: پشتیوان دەتوانێ پێش سێ مانگ لە هەڵبژاردنەکان ناوی خۆی لە لیستی تۆماری دەنگدەراندا تۆماربکا تاکو مافی دەنگدان و خۆکاندیدکردنی هەبێت بۆ هەر یەکێ لە پۆستەکانی دەستەی بەڕێوەبەری بازنە و ئەنجومەنی وڵات، ئەگەر مەرجەکانی تێدابێت.

٦: یەک مانگ پێش بانگەشەی هەڵبژاردن هەتاکو دوای پرۆسەی هەڵبژاردن، تۆمارکردنی ئەندامی نوێ رادەگیرێت.

٧: پێویستە لیستی تۆماری دەنگدەران بە شێوەیەکی دەوری نوێ بکرێتەوە.

## <u>مادەی پێنجەم</u>: شێوەی دەنگدان

یەکەم، هەڵبژاردن لە هەمو قۆناغەکانیدا بە دەنگدانی نهێنی دەبێت. ژوری هەڵبژاردن، بەهەماهەنگی ژوری رەوەندی کوردی، بەرپرسە لە رێکخستنی قۆناغەکانی پرۆسەی هەڵبژاردن.

دوەم، بۆ ئەوەی رێگە بە دەنگدەر بدرێ لە پرۆسەی دەنگداندا بەشداری بکا، هەمو دەنگدەرێ پاسکۆدی تایبەت بە خۆی دەبێ.

سێیەم، لە حاڵەتی هاوتابونی دەنگەکانی دوو کاندیدا، ئەگەر یەکێکیان ئافرەت بو ئافرەتەکە بە دەرچو دادەنرێ و ئەگەر هەردوکیان پیاو بون بە پێکهاتنی هەردو کاندید یا بە تیروپشک یەکلایی دەکرێتەوە.

چوارەم، هەڵبژاردنی دەستەی بەڕێوەبەری ئەنجومەنی وڵات بە دو قۆناغ ئەنجام دەدرێ.

قۆناغی یەکەم، هەڵبژاردنی دەستەی بەڕێوەبەری بازنە.

قۆناغی دوەم، هەڵبژاردنی دەستەی بەڕێوەبەری ئەنجومەنی وڵات.

**<u>مادەی شەشەم</u>: هەڵبژاردنی دەستەی بەڕێوەبەری بازنە**

یەکەم، دەستەی بەڕێوەبەری ئەنجومەنی بازنە لە لایەن هەڵسوڕاوانی بزوتنەوەی گۆڕانەوە، کە ناویان لە تۆماری دەنگدەرانی ئەو بازنەیەدا نوسراوە، هەڵدەبژێردرێن.

دوەم، خۆکاندیدکردن بۆ پۆستەکانی دەستەی بەڕێوەبەری ئەنجومەنی بازنە بە تەنها دەبێ و، هەریەکەیان بە تەنیا و بە دیاریکراوی بۆ یەکێ لە پۆستەکانی دەستەی بەڕێوەبەر خۆی کاندید دەکا.

**<u>مادەی حەوتەم</u>: هەڵبژاردنی دەستەی بەڕێوەبەری ئەنجومەنی وڵات**

یەکەم، هەمو ئەندامانی ئەنجومەنی بازنەکان و هەڵسوڕاوانی بزوتنەوەی گۆڕان لە سنوری وڵاتەکەدا، ئەگەر مەرجەکانیان تێدا بێ، بۆیان هەیە خۆیان بۆ ئەندامەتی دەستەی بەڕێوەبەری وڵات کاندید بکەن.

دوەم، خۆکاندیدکردن بۆ پۆستەکانی دەستەی بەڕێوەبەری ئەنجومەنی وڵات بە تەنها دەبێت و، هەریەکەیان بە تەنیا و بە دیاریکراوی بۆ یەکێ لە پۆستەکانی دەستەی بەڕێوەبەر خۆی کاندید دەکا.

سێیەم، هەڵبژاردنی بەرپرس و دەستەی بەڕێوەبەری وڵات لە لایەن سەرجەم ئەندامانی دەستەی بەڕێوەبەری بازنەکانی سەرانسەری وڵاتەکەوە ئەنجام دەدرێ.

**<u>مادەی هەشتەم</u>: داوا و سکاڵا و تانە**

یەکەم، هەر هەڵسوڕاوێک، کە پێشتر ناوی لە تۆماری دەنگدەراندا نوسرابێ بەڵام ناوی لە تۆمارەکەدا نەبێ و بیەوێت بۆ خۆکاندیدکردن یا بۆ دەنگدان بەشداری پرۆسەکە بێ، دەتوانێت داواکەی بەنوسراو بباتە لای ژوری یاسایی.

دوەم، لیژنەیەک پێکدێت لە ژوری هەڵبژاردن، رەوەندی کوردی و ژوری یاسایی بۆ سەرپەرشتی و وەرگرتنی داوا و تانە و سکاڵاکان.

سێیەم، داوا و سکاڵا و تانەلێدان لە سەرجەم پرۆسەی هەڵبژاردنەکە، لە کردنەوەی دەرگای خۆپاڵاوتنەوە تا راگەیاندنی ئەنجامی هەڵبژاردنەکان، بە نوسراو تۆماردەکرێ و پێشکەشی لیژنەکە دەکرێت.

چوارەم، ژوری یاسایی، بە راوێژ لەگەڵ ژوری رەوەندی کوردی و ژوری هەڵبژاردندا و لە ماوەی حەوت رۆژدا، دوا بڕیار لەسەر داوا و تانە و سکاڵاکان دەدات.

**<u>مادەی نۆیەم</u>: ڕێکخستنی کۆبونەوەکان**

یەکەم، کۆبونەوەی نۆرەیی

١–١: کۆبونەوەی بازنە

١–١–١: دەستەی بەڕێوەبەری ئەنجومەنی بازنە، بۆ راپەڕاندنی کاروبارەکانی، لانی کەم مانگی یەکجار یا هەر کاتێکی بە پێویست زانی کۆدەبێتەوە.

١–١–٢: ئەنجومەنی بازنە، لانی کەم هەر ٣ مانگ جارێ کۆدەبێتەوە.بۆ دانانی بەرنامەی کاری داهاتوی و هەڵسەنگاندنی کارەکانی ماوەی پێشوی،

١–١–٣: هەر کات دەستەی بەڕێوەبەر یا سێیەکی ئەندامانی ئەنجومەنی بازنە بە پێویستیان زانی، بۆ تاووتوێکردنی پرسێکی گرنگ، دەتوانن داوای کۆبونەوەی ئەنجومەن یا کۆبونەوەی گشتی سەرجەم هەڵسوڕاوانی بازنەکەیان بکەن.

١–٢: کۆبونەوەی ئەنجومەنی وڵات

١–٢–١: دەستەی بەڕێوەبەری ئەنجومەنی وڵات، بۆ راپەڕاندنی کاروبارەکانی، لانی کەم مانگی جارێ یا هەر کاتێکی بە پێویست زانی کۆدەبێتەوە.

١–٢–٢: ئەنجومەنی وڵات، بۆ دانانی بەرنامەی کاری داهاتوی و هەڵسەنگاندنی کارەکانی ماوەی پێشوی، لانی کەم هەر ٣ مانگ جارێ کۆدەبێتەوە.

١– ٢–٣: هەر کات دەستەی بەڕێوەبەر یا سێیەکی ئەندامانی ئەنجومەنی وڵات بە پێویستیان زانی، بۆ تاووتوێکردنی پرسێکی گرنگ، دەتوانن داوای کۆبونەوەی گشتی سەرجەم هەڵسوڕاوانی وڵاتەکەیان بکەن.

١–٣: بازنەوان، لە کۆبونەوەکانی ئەنجومەنی وڵاتدا نوێنەرایەتی بازنەکەی دەکا. ئەگەر بازنەوان نەیتوانی ئامادەبێت، ئەشێ سکرتێر بەشدار بێ.

١–٤: لە کۆبونەوەکانی دەستەی بەڕێوەبەر و ئەنجومەنەکاندا، کار بە بنەمای "سەرکردایەتی بە کۆمەڵ" دەکرێ و بڕیارەکان بە پێی بنەمای "زۆرایەتی ڕەها" دەدرێن.

دوەم : کۆبونەوەی فراوان

٢–١: دەستەی بەڕێوەبەری وڵات، گەر بە پێویستی زانی یان لەسەر داوای سێیەکی دەستەی بەڕێوەبەری بازنەکان، لەیەکێ لەو بارانە و لە سەر یەکێ لەو ئاستانە کە لە خوارەوە دیاری کراون، دەتوانێت داوای کۆبونەوەی فراوان، کۆنفرەنس و راپرسی بکات:

٢–١–١: ئاستی سەرجەم دەستەی بەڕێوەبەری بازنەکانی وڵاتەکەی.

٢–١–٢: ئاستی سەرجەم ئەندامانی ئەنجومەنی بازنەکانی وڵاتەکەی.

٢–١–٣: ئاستی سەرجەم هەڵسوڕاوانی گۆڕان لە وڵاتەکەی دا.

٢–١–٤: ئاستی تێکڕای جەماوەی ڕەوەندی کوردی.

٢–٢: ئاستەکان و بۆ یەکێ لەم کارانە:

٢–٢–١: سازدانی ڕەوەندی کوردی بۆ بەشداریکردن لە هەڵبژاردنی وڵاتەکەی خۆیاندا، بە مەبەستی دەنگدان بە کاندیدێکی کوردستانی بۆ شارەوانی، پەرلەمانی وڵات، پەرلەمانی ئەوروپی.

٢–٢–٢: سازدانی ڕەوەندی کوردی بۆ بەشداری لە هەڵبژاردنەکانی کوردستان و پشتیوانی لە لیستی گۆڕان.

٢–٢–٣: سازدانی ڕەوەندی کوردی بۆ پشتیوانی لە خەباتی خەڵکی کوردستان لە پێناوی خواستە سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابوری یەکانی.

سێیەم، ڕەوتی کۆبونەوەکان

٣–١: نەریتی سیاسی لە ناو بزوتنەوەی گۆڕاندا، وا پێویست دەکا لە کۆبونەوەکاندا دەربڕینی بیروبۆچون و گفتوگۆ هەرچۆنێک بێ، ئازاد بێ؛ بریندارکەر نەبێ؛ گوێ لە یەکتری بگیرێت؛ ڕێگە بە یەکتری بدرێت بە ڕاشکاوی قسەبکرێت؛ ڕێز لە بیر و ڕای جیاوازی یەکتری بگیرێت، بەڵام دەبێت پارێزگاری لە تایبەتمەندی و نهێنیبونی هەندێ لە باسەکان بکرێت.

٣–٢: هەر ئەندامێ بە پێچەوانەی ئەمەوە ڕەفتاری کرد لێپرسینەوەی لەگەڵ دەکرێ.

## مادەی دەیەم: لێپرسینەوە

هەرهەڵسوڕاوێک لە پرەنسیپە گشتیەکانی بزوتنەوەی گۆڕان لایدا و زیانی بە بزوتنەوەکە گەیاند یان کەمتەرخەمی نواند لەکارەکانیدا، دوای ئاگاادارکردنی ژوری ڕەوەندی کوردی لەلایەن ئەنجومەنی وڵاتەوە، ژوری یاسایی بەهەماهەنگی ژوری ڕەوەندی کوردی هەڵسەنگاندنی لادانەکە دەکات و جۆری لێپرسینەوەکەی دیاری دەکات.

## مادەی یانزەیەم: جۆری ڕێکخستنی پەیوەندی

یەکەم، ئەنجومەنی بازنە و ئەنجومەنی وڵات

١–١: هەمو بازنەوانەکان ئەندام دەبن لە ئەنجومەنی وڵاتدا.

١–٢: دەستەی بەڕێوەبەری ئەنجومەنی بازنە پەیوەندی لە گەڵ دەستەی بەڕێوەبەری ئەنجومەنی وڵات دەبێ.

دوەم، ئەنجومەنی وڵات و ئەنجومەنی وڵاتەکانی تر

٢–١: ئەنجومەنی وڵات بۆی هەیە لە گەڵ ئەنجومەنی وڵاتەکانی تر هەماهەنگی، هاوکاری و کاری هاوبەش بکات.

٢–٢: ئەنجومەنی ئەو وڵاتانەی نزیکن لە یەکتری، ئەگەر بە پێویستیان زانی، دەتوانن بۆ دانانی پلانی کاری هاوبەش کۆبونەوە یا کۆنفرەنسی هاوبەش ببەستن.

سێیەم، ئەنجومەنی وڵات و دامەزراوەکانی گۆڕان لە کوردستان

٣–١: دەستەی بەڕێوەبەری ئەنجومەنی وڵات پەیوەندی لەگەڵ دامەزراوەکانی گۆڕان لە کوردستان لە ڕێگەی ژوری ڕەوەندی کوردیەوە ڕێکدەخات.

٣–٢: ژوری ڕەوەندی کوردی، پەیوەندی دامەزراوەکانی گۆڕان لە کوردستان لەگەڵ دەستەی بەڕێوەبەری ئەنجومەنەکانی هەندەران ڕێکدەخات.

٣–٣: دەستەی بەڕێوەبەری ئەنجومەنی وڵات، بۆ هەر بابەتێکی پەیوەندیدار بە خۆی، دەتوانێ هەماهەنگی و ڕاوێژ لەگەڵ ژورەکانی بزوتنەوەی گۆڕاندا بکا.

## مادەی دوانزەیەم: ڕاگەیاندنی ڕۆژنامەوانی

یەکەم، دەستەی بەڕێوەبەری ئەنجومەنی بازنە، پاش ڕاوێژ بە ئەنجومەنی وڵاتەکەی، بۆی هەیە لە کاتی پێویستدا ڕونکردنەوە لە سەر هەندێ پرسی پەیوەندیدار بە سنوری بازنەکەیانەوە بدا.

دوەم، دەستەی بەڕێوەبەری ئەنجومەنی وڵات، پاش ڕاوێژ بە ژوری ڕەوەندی کوردی، بۆی هەیە لە کاتی پێویستدا ڕونکردنەوە لە سەر هەندێ پرسی پەیوەندیدار بە وڵاتەکەیانەوە بدا.

## مادەی سیانزەیەم: دوان لە بۆنە گشتیەکان دا

بەرپرسی ئەنجومەن یان هەر ئەندامێکی دەستەی بەڕێوەبەری ئەنجومەنی وڵات، کە لە لەلایەن دەستەکەوە ڕاسپێردرابێ، بۆی هەیە لە بۆنە گشتیەکاندا لە چوارچێوەی بەرنامەی سیاسی بزوتنەوەی گۆڕان و پەیام و هەڵوێست و لێدوانە فەرمیەکانی، بەنوسراو یان بە زارەکی، هەڵوێست و ئامانجەکانی بزوتنەوەی گۆڕان لە کۆبونەوە گشتیەکانی کوردستانیانی هەندەراندا رون بکاتەوە. لە بازنەکاندا، ئەگەر دەستەی ئەنجومەنی وڵات لەوێ نەبن، دەکرێت بازنەوان یان هەر ئەندامێکی دەستەی بەڕێوەبەری بازنە، کە لەلایەن دەستەکەوە ڕاسپێردرابێت و پاش ڕاوێژ بە ئەنجومەنی وڵاتەکەی، ئەو کارە ئەنجام بدات.

**<u>مادەی چواردەیەم</u>: ڕێکەوتنی سیاسی**

دەستەی بەڕێوەبەری ئەنجومەنی بازنە و ئەنجومەنی وڵات بۆی نیە ڕێککەوتنی سیاسی و یاداشتی هاوبەش لەگەڵ هیچ لایەنێکی سیاسی‌دا ئیمزابکا.

**<u>مادەی پانزەیەم</u>: جێگرتنەوە**

ئەگەر بەرپرسی ئەنجومەنی وڵات و بازنەوان یا ئەندامێکی هەڵبژێردراوی دەستەی بەڕێوەبەری ئەنجومەنی بازنە و ئەنجومەنی وڵات لە بەر هەر هۆیەک ئەرکەکانی بەجێ‌نەهێنا، بە یەکێ لەم دو ڕێگایە شوێنەکەی پڕدەکرێتەوە:

یەکەم، بە دانانی ئەو کاندیدەی کە لە ریزبەندی ناوەکان لە هەڵبژاردندا دوای ئەو زۆرترین دەنگی هێناوە.

دوەم، ئەگەر ئەو کەسە لە لایەن زۆرایەتی ئەندامانی ئەنجومەنی بازنەوە پەسەندنەکراو کەسی تر نەبو لە ریزبەندی ناوەکاندا، ئەوسا دوبارە هەڵبژاردنەوەی بۆ دەکرێتەوە بە هەمان شێوەش بۆ ئەنجومەنی وڵات.

**<u>مادەی شانزەیەم</u>: ماوەی کارایی**

یەکەم، خولی هەڵبژاردنی دەستەی بەڕێوەبەری بازنە و ئەنجومەنی وڵات دو ساڵ جارێک دەبێت،

دوەم، هەر هەڵسوڕاوێک تەنها دەتوانێت بۆ دو خولی هەڵبژاردن بۆ هەمان پۆست خۆی کاندید بکات.

# بەشی هەشتەم : جڤاتی گشتی

**<u>مادەی یەکەم</u>: پێناسەی جڤاتی گشتی**

جڤاتی گشتی چەتری پشتیوانی سیاسی و مەعنەوی، دامەزراوەی راوێژکاری بوارەکانی کاری سیاسی، ڕێکخراوەیی، کارگێڕی، دارایی و میدیایی بزوتنەوەی گۆڕانە.

**<u>مادەی دوەم</u>: ئەرکەکانی جڤاتی گشتی**

ئەرکەکانی جڤاتی گشتی بریتیە لە دانانی نەخشەی کار و هاوکاری جڤاتی نیشتمانی بە راوێژ و راسپاردە دەربارەی:

یەکەم، هەڵسەنگاندنی پلانی گشتی جێبەجێکردنی بەرنامەی سیاسی بزوتنەوەی گۆڕان .

دوەم، هەڵسەنگاندنی پەیوەندیەکانی بزوتنەوەی گۆڕان لە سەر ئاستی کوردستانی، عێراقی فیدراڵ، ناوچەیی، جیهانی، لەگەڵ حیزب و رێکخراوە سیاسیەکان.

سێیەم، ئامادەکاری بۆ هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی پارێزگا، ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقی فیدراڵ، پەرلەمانی کوردستان و هەڵبژاردنی هەر دامەزراوەیەکی تر.

**<u>مادەی سێیەم</u>: پێکهاتەی جڤاتی گشتی**

یەکەم، جڤاتی گشتی بزوتنەوەی گۆڕان پێکدێ لەو کەسایەتیە گشتیيانەی کە لە ماوەیەکی تەمەنیاندا لە یەکێ لە بوارەکانی ژیاندا بەرپرسیارێتی دیاریان هەبوە، لەوانە:

١–١: کەسایەتی سیاسی

١–٢: کەسایەتی زانستی

١–٣: کەسایەتی کۆمەڵایەتی

دوەم، ژمارەی ئەندامانی جڤاتی گشتی نابێ لە ژمارەی ئەندامانی جڤاتی نیشتمانی زیاتر بێ.

**<u>مادەی چوارەم</u>: کۆبونەوەکانی جڤاتی گشتی**

یەکەم، کۆبونەوەی جڤاتی گشتی هەر دو مانگ جارێ هاوزەمان دەبێت لەگەڵ کۆبونەوەی جڤاتی نیشتمانی .

دوەم، بە ماوەیەکی کورت لە پێش کۆبونەوەی جڤاتی نیشتمانی دا ئەنجام دەدرێ.

سێیەم، ئەندامانی جڤات پێشتر لە بەرنامەی کۆبونەوە و کات و شوێنی کۆبونەوەکە ئاگاداردەکرێن.

چوارەم، بڕیاردان لە ناو جڤاتی گشتی دا بە زۆرینەی سادە دەبێت.

**<u>مادەی پێنجەم</u>، کەسایەتی سیاسی**

مەبەست لە کەسایەتی سیاسی، ئەوانەن کە لە یەکێ لەم بوارانەدا لە ساڵانی رابوردودا کاریان کردوە و خاوەنی ئەزمون و ناوبانگی باشن.

یەکەم، ئەندامەتی سەرکردایەتی حیزبەکانی کوردستان

دوەم، فەرماندەیەتی پێشمەرگەی کوردستان

سێیەم، ئەندامەتی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقی فیدڕاڵ

چوارەم، ئەندامەتی پەرلەمانی کوردستان

پێنجەم، ئەندامەتی ئەنجومەنی پارێزگا

شەشەم، وەزیر، بریکاری وەزیر، راویژکار، بەڕێوەبەرە گشتیەکانی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان و عێراقی

فیدڕاڵ

حەوتەم، سەفیرایەتی دەوڵەتی عێراقی فیدڕاڵ و نوێنەرەکانی حکومەتی هەرێم لە دەرەوە

**<u>مادەی شەشەم</u>: کەسایەتی زانستی**

مەبەست لە کەسایەتی زانستی، ئەوانەن کە لە یەکێ لەم بوارانەدا لە ساڵانی رابوردودا کاریان کردوە و خاوەنی ئەزمون و ناوبانگی باشن:

یەکەم، سەرۆکایەتی و مامۆستایەتی زانکۆکان و پەیمانگاکان

دوەم، دادوەرایەتی و پارێزەرایەتی و یاساناسێتی

سێیەم، هەڵکەوتوانی بواری پزیشکی، بەرێوەبەرایەتی نەخۆشخانە، ئەندازیارێتی و پەروەردەکاری

**<u>مادەی حەوتەم</u>: کەسایەتی کۆمەڵایەتی**

مەبەست لە کەسایەتی کۆمەڵایەتی، ئەوانەن کە لە یەکێ لەم بوارانەدا لە ساڵانی رابوردودا کاریان کردوە و خاوەنی ئەزمون و ناوبانگی باشن:

یەکەم، سەرۆکایەتی رێکخراوەکانی کۆمەڵگای شارستانی

دوەم، ئەندامەتی ژوری بازرگانی

سێیەم، هەڵکەوتوانی بواری هونەر و وەرزش و رۆشنبیری و پیاوانی ئاینی

**<u>مادەی هەشتەم</u> جۆری هەڵبژاردنی کەسایەتیەکان**

یەکەم، یا خۆیان داوای ئەندامەتی ئەکەن یا داوایان لێ دەکرێ.

دوەم، فۆرمی ئەندامەتی جڤاتی گشتی پڕدەکەنەوە.

سێیەم، خانەی راپەڕاندن لە کۆبونەوەی جڤاتی نیشتمانیدا کاندیدیان دەکات و بە زۆرینەی سادەی دەنگی ئەندامانی جڤاتی نیشتمانی پەسەند دەکرێن.

**<u>مادەی نۆیەم</u>: دەستەی سەرۆکایەتی**

یەکەم، جڤاتی گشتی کۆبونەوەی یەکەمی بە سەرۆکایەتی بە تەمەنترین ئەندامی ئەنجام دەدا.

دوەم، لە یەکەم کۆبونەوەیدا یان لە کۆبونەوەکانی دواتردا، دەستەی سەرۆکایەتی جڤاتی گشتی بە دەنگدانی راستەوخۆی نهێنی هەڵدەبژێرن.

سێیەم، دەستەی سەرۆکایەتی پێکدێ لە:

٣-١: سەرۆکی جڤاتی گشتی

٣-٢: جێگری سەرۆکی جڤاتی گشتی

٣-٣: سکرتێری جڤاتی گشتی

چوارەم، ئەندامانی جڤاتی گشتی، بۆ ئامادەکردنی لێکۆڵینەوە و راسپاردە و ئامۆژگاری بۆ هاوکاریکردنی دامەزراوەکانی گۆڕان و فراکسیۆنەکانی پەرلەمانی کوردستان و ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق و ئەنجومەنی پارێزگاکان، لیژنەی جیاواز بۆ بابەتی جیاواز پێکدەهێنن.

**<u>مادەی دەیەم</u>: پەیوەندی جڤاتی گشتی و جڤاتی نیشتمانی**

یەکەم، جڤاتی نیشتمانی و جڤاتی گشتی هاوکاری یەکتر دەبن.

دوەم، لە کاتی قەیران و روداوی چاوەڕێنەکراودا، بۆ تاووتوێکردن و ئاڵوگۆڕی بیروڕا و تێگەیشتنی هاوبەش، کۆبونەوەی هاوبەش دەکەن.

سێیەم، جڤاتی گشتی بۆی هەیە ئەندامێ یا هەندێ لە ئەندامانی جڤاتی نیشتمانی، بۆ پێشکەشکردنی رونکردنەوە لە سەر هەندێ بابەتی تایبەت، بۆ دوان و گفتوگۆ، بانگ بکا بۆ کۆبونەوەکانی، هەروەها بە پێچەوانەوە.

چوارەم، پێویستە راسپاردە و راوێژ و ئامۆژگاریەکانی جڤاتی گشتی لە لایەن جڤاتی نیشتمانیەوە رەچاوبکرێ.

## بەشی نۆیەم: جڤاتی نیشتمانی

**<u>مادەی یەکەم</u>: پێناسەی جڤاتی نیشتمانی**

یەکەم، جڤاتی نیشتمانی دامەزراوەی سەرکردایەتی بوارەکانی کاری سیاسی، رێکخراوەیی، کارگێڕی، دارایی و میدیایی بزوتنەوەی گۆڕانە.

دوەم، جڤاتی نیشتمانی بەرزترین دەسەڵاتە لە نێوان دو هەڵبژاردندا.

**<u>مادەی دوەم</u>: ئەرکەکانی جڤاتی نیشتمانی**

یەکەم، سەرپەرشتیکردنی هەمو دەزگا و دامەزراوەکانی گۆڕان؛ چاودێری و هەڵسەنگاندنی ئەدای هەمو ئاستەکانی پەیکەرەی رێکخراوەیی بزوتنەوەکە.

دوەم، دانانی نەخشەرێگا بۆ جێبەجێکردنی بەرنامە و سیاسەتی بزوتنەوەی گۆڕان.

سێیەم، رێکخستنی پەیوەندیەکانی بزوتنەوەی گۆڕان لە سەر ئاستی کوردستانی، عێراقی، ناوچەیی، نێودەوڵەتی لەگەڵ حیزب و رێکخراوە سیاسیەکان.

چوارەم، چاودێری و هەڵسەنگاندنی ئەدائی فراکسیۆنەکانی گۆڕان و ئەدائی ئەندامەکانی.

پێنجەم، ئامادەکاری بۆ هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی پارێزگا، ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، پەرلەمانی کوردستان و هەر هەڵبژاردنێکی تر.

شەشەم، ئامادەکاری بۆ بەستنی کۆنفرانسی نیشتیمانی بزوتنەوەی گۆڕان.

**<u>مادەی سێیەم</u>: پێکهاتەی جڤاتی نیشتمانی**

یەکەم، ئەندامانی خانەی راپەڕاندن.

دوەم، باژێڕوان و ئەندامانی تەواوکار.

سێیەم، سەرۆکی فراکسیۆنەکانی گۆڕان لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، پەرلەمانی کوردستان و ئەنجومەنی پارێزگاکان.

چوارەم، رێکخەری ژورەکان .

پێنجەم، نوێنەری ئەنجومەنەکانی رەوەندی کوردی لە هەندەران .

شەشەم، نوێنەری کاروباری رێکخراوەیی ئافرەتان .

**<u>مادەی چوارەم</u>: کۆبونەوەکانی جڤاتی نیشتمانی**

یەکەم، جڤاتی نیشتمانی لە هەلومەرجی ئاساییدا دو مانگ جارێک کۆدەبێتەوە.

دوەم، لە کاتی پێویست دا، لە سەر داوای رێکخەری گشتی یان سێیەکی ئەندامەکانی کۆدەبێتەوە .

سێیەم، ئەندامانی جڤاتی نیشتمانی، دە رۆژ بەر لە دەستپێکی کۆبونەوەی ئاسایی، لە بەرنامە و کات و شوێنی کۆبونەوەکە ئاگاداردەکرێن. لەکاتی ئامادەنەبونی ئەندامێکی جڤاتدا، نوێنەرێکی ئۆرگانەکە رادەسپێرێت بەشداربێت.

چوارەهەم، دەنگدان لە کۆبونەوەکانی جڤاتی نیشتمانی‌دا، بە پێی بابەتەکان، ئەشێ بە ئاشکرا یان بە نهێنی بێ. بە زۆرینەی سادە بڕیار دەدرێ.

**<u>مادەی پێنجەم</u>: جێگرتنەوەی ئەندامێتی جڤاتی نیشتیمانی**

هەر یەکێ لە ئەندامانی خانەی راپەڕاندن، رێکخەری ژورەکان، باژێڕوانەکان و ئەندامانی تەواوکار پۆستی باڵای لە حکومەتدا وەرگرت، بو بە وەزیر، سەفیر، وەکیلی وەزیر، راوێژکار، بەڕێوەبەری گشتی، پەرلەمانتار، یا دەستی لە کار کێشایەوە یان مرد جێگەکەی چۆڵ ئەکا بۆ کەسێکی تر و لەماوەی دوومانگدا جێگەکەی پڕدەکرێتەوە.

**<u>مادەی شەشەم</u>: نوێنەرایەتی قەزاکان**

نوێنەرایەتی قەزاکان بە دو پێوەر دیاری دەکرێ:

یەکەم، بەرکەوتی قەزا

پشکی نوێنەرایەتی دانیشتوانی قەزا لە جڤاتی نیشتمانیدا، بێ گوێدانە پلەی شارەوانی قەزاکە، یەک ئەندامە.

١–١: ئەم شوێنە بۆ باژێروان تەرخان دەکرێ، کە بە پێی دەستوری ناوخۆ هەڵدەبژێردرێ.

١–٢: باژێروانی نوێ لە کاتی گۆڕینیدا لە هەڵبژاردندا یا لە بەر هەر هۆیەکی تر، جێگەی باژێروانی پێشو لە جڤاتی نیشتمانی دا دەگرێتەوە.

دوەم، بەرکەوتی رێژەیی

پشکی رێژەی دەنگی بەدەستهاتوی گۆڕان لە قەزاکەدا لە چاو رێژەی کۆی دەنگی بەدەستهاتوی گۆڕان دەبێتە ئەندامی تەواوکار:

٢–١: ئەندامانی تەواوکار لە لایەن ئەندامانی ئەنجومەنی قەزاکان و دەستەی بەڕێوەبەری بازنە و رایەڵەوە هەڵدەبژێردرێن.

٢–٢: لە حاڵەتی هاوتابونی دەنگەکانی دو کاندیدا، ئەگەر یەکێکیان ئافرەت بو ئافرەتەکە بە دەرچو دائەنرێ و ئەگەر هەردوکیان پیاو بون بە پێکهاتنی هەردو کاندید یا بە تیروپشک یەکلایی دەکرێتەوە.

٢–٣: لە کاتی گۆڕینی لە هەڵبژاردندا یا لە سۆنگەی هەر هۆیەکی ترەوە، ئەندامی تەواوکاری نوێ جێگەی ئەندامی تەواوکاری پێشو دەگرێتەوە.

٢–٤: ئەندامی تەواوکاری جڤاتی نیشتمانی لە کاری رێکخراوەیی لە شوێنەکەی خۆی دا بەردەوام دەبێ.

**<u>مادەی حەوتەم</u>: نوێنەرایەتی فراکسیۆنەکان**

یەکەم، فراکسیۆنەکان بریتین لە:

١–١: فراکسیۆنی گۆڕان لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق.

١–٢: فراکسیۆنی گۆڕان لە پەرلەمانی کوردستان.

١–٣: فراکسیۆنی گۆڕان لە ئەنجومەنی پارێزگاکان.

دوەم، سەرۆکی هەر یەکێ لەم فراکسیۆنانە کە لە لایەن فراکسیۆنەکانی خۆیانەوە هەڵدەبژێردرێن، دەبنە ئەندامی جڤاتی نیشتمانی.

سێیەم، لە کاتی گۆڕینی سەرۆکی فراکسیۆندا، سەرۆکی نوێ لە ئەندامەتی جڤاتدا جێگەی سەرۆکی پێشو دەگرێتەوە.

**<u>مادەی هەشتەم: نوێنەرایەتی ژورەکان</u>**

*یەکەم*، ژورەکان بریتین لە:

١: ژوری پەیوەندیە گشتیەکان (سیاسی، دبلۆماسی)

٢: ژوری توێژینەوەکان (سیاسی، ئابوری و ستراتیجیەکان)

٣: ژوری ناوچە کوردستانیە دابڕێنراوەکان

٤: ژوری حکومەت و پەرلەمان

٥: ژوری سامانە سروشتیەکان.

٧: ژوری هەڵبژاردن

٨: ژوری پەیجوری

٩: ژوری یاسایی

١٠: ژوری رۆژنامەوانی

١١: ژوری کارگێری و دارایی

١١: ژوری رەوەندی کوردی

*دوەم*،

٢-١: جڤاتی نیشتمانی بۆی هەیە بە پێی گۆڕانی پێویستیەکان ژوری نوێ دابمەزرێنێ و، یان هەڵبوەشێنێتەوە و، ناوەندی کارکردنی ژورێک لە شارێکەوە بگوێزێتەوە بۆ شارێکی تر.

٢-٢: رێکخەر و ئەندامانی ژورەکان لە سەر بنەمای پسپۆڕی دائەنرێن.

٢–٣: ژمارەی ئەندامانی ژور بە پێی پێویستی و جۆری کار دیاری دەکرێ.

٢–٤: رێکخەری ژور لە لایەن خانەی راپەڕاندنەوە کاندید ئەکرێ و، لە کۆبونەوەی جڤاتی نیشتمانی دا بە زۆرینەی سادە پەسەند ئەکرێت لە حاڵەتی وازهێنانی یان گۆڕینی لەبەر هەر هۆیەکی تر، بەزۆرینەی رەها ئەگۆڕێن.

٢–٥: ئەندامی ژور لەسەر داوای رێکخەری ژور و بە راوێژ لەگەڵ سکرتێری ژورەکان و خانەی راپەراندن دادەنرێت.

٢–٦: لە کاتی گۆڕینی رێکخەری ژوردا رێکخەری نوێ، جێگەی رێکخەری پێشو لە جڤاتی نیشتمانی دا دەگرێتەوە.

٢–٧: هەر ژورێ بۆ رێکخستنی کاروبارەکانی پێڕەوێکی ناوخۆی دەبێت کەلەلایەن ژورەوە بە هەماهەنگی لەگەڵ سکرتێری ژورەکان دائەنرێت، کە تێیدا پەیکەری رێکخراوەی و مەرجەکانی رێکخەرو ئەندامەکانی و ئەرک و دەسەڵاتەکانیان دیاری دەکات.

**<u>مادەی نۆیەم</u>: نوێنەرایەتی ئافرەتان**

نوێنەرایەتی ئافرەتان لە جڤاتی نیشتمانیدا پێکدێت لە چوار ئەندام؛ بەرپرسی ئافرەتان لە ئەنجومەنی قەزاکانی پارێزگاکانی هەولێر، سلێمانی، دهۆک و کەرکوک.

**<u>مادەی دەیەم</u>: نوێنەرایەتی رەوەندی کوردی**

رەوەندی کوردی چوار نوێنەریان دەبێت.

یەکەم، مەبەست لە هەندەران وڵاتانی دەرەوەی عێراقە.

دوەم، ئەنجومەنەکانی وڵاتانی هەندەران، بە پێی لێکچونی هەلومەرجی وڵاتەکان لە یەکتری و نزیکی جوگرافی یان لە یەکتریەوە، نوێنەری خۆیان بۆ جڤاتی نیشتمانی دیاری دەکەن.

سێیەم، ژمارە و شێوەی هەڵبژاردنی نوێنەرەکانیان بە پێی رێنمایی تایبەتی دیاری دەکرێ.

**<u>مادەی یانزەیەم</u>: هەڵوەشاندنەوە**

لە بەر هەر هۆیەک، پشێوی یا لادان لە رێبازی گشتی لە هەر بازنە، رایەڵە، ئەنجومەنی قەزاکان، ئەنجومەنەکانی وڵاتانی رەوەندی کوردی روی دا، یا لە ئەنجامی سکاڵای هەڵسوڕاوەکانیدا ژوری یاسایی بڕیاری دا، جڤاتی نیشتیمانی بۆی هەیە "ئەو یەکە رێکخراوەییە" هەڵبوەشێنێتەوە و بە مەبەستی دامەزراندنەوەی، بڕیاری هەڵبژاردنی سەرلەنوێی تێدا ئەنجام بدا.

## مادەی دوانزەیەم: خانەی راپەڕاندن

خانەی راپەڕاندن بەرپرسی جێبەجێکردنی بڕیار و راسپاردەکانی جڤاتی نیشتمانی بزوتنەوەی گۆڕانە، لە نێوان دو کۆبونەوەدا.

## مادەی سیانزەیەم: هەڵبژاردنی ئەندامانی خانەی راپەڕاندن

یەکەم، ئەندامانی خانەی راپەڕاندن، بە پێی ئەرکەکانی پێکدێ لە: رێکخەری گشتی، سکرتێرەکانی کاروباری جڤاتی نیشتمانی، فراکسیۆن، ژورەکان، باژێڕەکان، خەڵک و سەرۆکی جڤاتی گشتی.

دوەم، رێکخەری گشتی و ئەندامانی خانەی راپەڕاندن، جگە لە سەرۆکی جڤاتی گشتی، لە ناو ئەندامانی جڤاتی نیشتمانی یان لە ناو ئەندامانی جڤاتی گشتی و کەسایەتیە ناسراوەکانی بزوتنەوەی گۆڕاندا کە ئەندامی جڤاتی نیشتمانی و جڤاتی گشتی نین، کاندید دەکرێن؛ لە کۆبونەوەی جڤاتی نیشتمانیدا، بە دەنگدانی نهێنی و راستەوخۆ و بە زۆرینەی سادە ئەپەسەندرێن و بە زۆرایەتی رەهای دەنگی هەمو ئەندامەکانی دەگۆڕدرێن.

سێیەم، هەڵبژاردنی رێکخەری گشتی وئەندامانی خانەی راپەڕاندن دو ساڵ جارێک دەبێت.

چوارەم، رێکخەری گشتی و ئەندامانی خانەی راپەڕاندن تەنها بۆ سێ خولی هەڵبژاردن بۆیان هەیە، بۆ هەمان پۆست، خۆیان کاندیدبکەن.

## مادەی چواردەیەم: پێکهاتە و ئەرکەکانی خانەی راپەڕاندن

ئەرکەکانی ئەندامانی خانەی راپەڕاندنی جڤاتی نیشتمانی بریتیە لە:

یەکەم، رێکخەری گشتی

١-١: سەرپەرشتی کۆبونەوەکانی خانەی راپەڕاندن و جڤاتی نیشتمانی دەکا.

١-٢: لە بەردەم جڤاتی نیشتمانیدا بەرپرسیارە.

١-٣: لە کاتی ئامادەنەبونیدا، یەکێ لە ئەندامانی خانەی راپەڕاندن رادەسپێرێ بۆ ئەنجامدانی ئەرکەکانی.

دوەم، سکرتێری کاروباری جڤاتی نیشتمانی، کە ئەرکەکانی بریتیە لە:

٢–١: دیاریکردنی کات و شوێن و کارنامەی کۆبونەوەکانی جڤاتی نیشتمانی.

٢–٢: تۆمارکردنی کۆنوسی کۆبونەوەکان، تۆمارکردنی بڕیار و راسپاردەکانی و گەیاندنی بە جێگەی پەیوەندیدار.

سێیەم، سکرتێری کاروباری فراکسیۆنەکان، کە ئەرکەکانی بریتیە لە هەماهەنگی نێوان فراکسیۆنەکان و دامەزراوەکانی بزوتنەوەی گۆڕان.

چوارەم، سکرتێری کاروباری باژێڕەکان، کە ئەرکەکانی بریتیە لە رێکخستنی پەیوەندی رۆژانەی نێوان باژێڕوان و باژێڕەکان و خانەی راپەڕاندن و وەڵامدانەوەی نامە و پەیام و پرسیارەکانیان.

پێنجەم، سکرتێری کاروباری ژورەکان، کە ئەرکەکانی بریتیە لە هەماهەنگی نێوان ژورەکان و خانەی راپەڕاندن و دامەزراوەکانی گۆڕان.

شەشەم، سکرتێری کاروباری خەڵک، کە ئەرکەکانی بریتیە لە:

٦–١: پێشوازیکردنی ئەوانەی رۆژانە سەردانی مەکۆی سەرەکی دەکەن.

٦–٢: گوێگرتن لە پێشنیار، رەخنە، ئامۆژگاری، سکاڵاکانی خەڵک و گەیاندنی بابەتەکانیان بە جێگەی پەیوەندیدار.

حەوتەم، سەرۆکی جڤاتی گشتی.

**<u>مادەی پانزەیەم</u>: هەڵبژاردنەوەی رێکخەری گشتی**

لە کاتی چۆڵبونی جێگەی رێکخەری گشتی بزوتنەوەکەدا، لە سۆنگەی وازهێنانی یان هەر هۆیەکی ترەوە، بۆ پڕکردنەوەی شوێنەکەی، یەکێ لە ئەندامانی جڤاتی نیشتمانی یا یەکێ لە ئەندامانی جڤاتی گشتی یان کەسایەتیەکی دیاری بزوتنەوەی گۆڕان لە دەرەوەی هەردو جڤات، بە دەنگدانی نهێنی و راستەوخۆ و بە زۆرایەتی رەها هەڵدەبژێرن. ئەگەر لە جاری یەکەمی هەڵبژاردندا دەنگی پێویستی نەهێنابو، بۆ جاری دوەم هەڵبژاردن بۆ یەکەمین و دوەمین کەس، کە زۆرترین دەنگیان هێناوە، دوبارە دەکرێتەوە، ئەوسا دەنگی زۆرایەتی سادە بەسە بۆ هەڵبژاردنی.

## بەشی دەیەم: کۆنفرانسی پارێزگاکان

**<u>مادەی یەکەم</u>: کۆنفرانسی پارێزگاکان**

١–١: دوساڵ جارێک دەبەسترێت.

١–٢: هەر پارێزگایەک بەجیا کۆنفرانس دەبەستێت.

١–٣: شێوازی بەشداری کردن، بە ڕێنمایەکی تایبەت، لە لایەن جڤاتی نیشتمانیەوە دەردەچێت.

**مادەی دوەم: ئەرکەکانی**

٢–١: پێداچونەوە بە کاری ڕێکخراوەیی، سیاسی، کۆمەڵایەتی و هتد.

٢–٢: هەڵسەنگاندنی ئەدای فراکسیۆنەکان و حکومەت.

٢–٣: خستنەڕوی هەر سەرنج و پێشنیازێک بۆ داهاتوی بزوتنەوەکە، لە بوارە جیاجیاکاندا.

## بەشی یانزەیەم : کۆنفرانسی نیشتمانی

**مادەی یەکەم: جۆری بەستنی کۆنفرانس**

کۆنفرانسی نیشتمانیی بزوتنەوەی گۆڕان لە ئەنجامی کۆبونەوەی نوێنەرانی هەڵبژێردراوی بنکە ڕێکخراوەیی و دامەزراوەکانیدا دەبەسترێ و بەرزترین دەسەڵاتی بزوتنەوەکەیە.

**مادەی دوەم: کاتەکانی بەستنی کۆنفرانس**

یەکەم، لە هەلومەرجی ئاسایی دا، کۆنفرانسی نیشتمانی دەبێ بەر لە هەڵبژاردنی گشتی بە ماوەیەک ببەسترێ.

دوەم، لە هەلومەرجی نائاسایی یان لە کاتی پێویستدا، لە سەر داوای دوسێیەکی ئەندامانی جڤاتی نیشتمانی یا نیوەی ئەنجومەنی قەزاکان، دەبەسترێ.

سێیەم، لە کاتی ئاسایدا، کۆنفرانس چوار ساڵ جارێک دەبەسرێت.

**مادەی سێیەم: ئەرکەکانی کۆنفرانس**

یەکەم، دانانی بەرنامەی سیاسی بزوتنەوەی گۆڕان لە بوارە جیاجیاکاندا.

دوەم، پێداچونەوەی دەستوری ناوخۆی بزوتنەوەی گۆڕان.

سێیەم، گۆڕینی دروشمی بزوتنەوە یا لۆگۆکەی بە پێی گۆڕانی هەلومەرجی گشتی، ئەگەر پێویستی کرد.

چوارەم، پەسەندن و دەسکاری پلاتفۆرمەکانی هەڵبژاردنەکانی پارێزگا، هەرێم و عێراقی فیدراڵ.

پێنجەم، هەڵسەنگاندنی ئەدائی نوێنەرەکانی لە دەزگا هەڵبژێردراوەکانی پارێزگا، هەرێم وعێراقی فیدراڵدا.

شەشەم، هەڵسەنگاندنی ئەدائی جڤاتی نیشتمانی.

**<u>مادەی چوارەم</u>: پێکهاتەی کۆنفرانس**

یەکەم، ئەندامانی جڤاتی نیشتمانی و جڤاتی گشتی.

دوەم، نوێنەرانی هەڵبژێردراوی شار و قەزا و ناحیەکانی کوردستان.

سێیەم، نوێنەرانی هەڵبژێردراوی رەوەندی کوردی.

چوارەم، فراکسیۆنەکانی گۆڕان لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقی فیدراڵ، پەرلەمانی کوردستان و ئەنجومەنی پارێزگاکان.

پێنجەم، نوێنەرانی ژورەکان.

شەشەم، نوێنەرانی پشتیوان.

**<u>مادەی پێنجەم</u>: سیستەمی هەڵبژاردنی نوێنەرایەتی کۆنفرانس**

یەکەم، نوێنەرایەتی قەزاکان

١-١: هەر قەزایەک بە گوێرەی رێژەی دەنگە بەدەستهاتووەکانی گۆڕان لەو قەزایەدا لە چاو کۆی دەنگی گۆڕان لە دوایین هەڵبژاردنی گشتی‌دا، ئەندامی کۆنگرەی بۆ تەرخان دەکرێت.

١-٢: لە هەر بازنەیەکی هەڵبژاردندا دەنگ بۆ یەک نوێنەر دەدرێ.

١-٣: بۆ هەڵبژاردنی کاندیدەکان سەرەتای زۆرینەی سادە پێڕەودەکرێ.

١-٤: باژێڕوانەکانی قەزاکان و ئەندامانی تەواوکاری جڤاتی نیشتمانی، راستەوخۆ دەبنە ئەندامی کۆنگرە و ئەوەندەی ئەو ژمارەیە لە بەشی قەزاکە دادەشکێندرێت.

١-٥: لە هەر قەزایەکدا، کۆتای ٢٥% ی نوێنەرانی کۆنفرانسی نیشتیمانی بۆ رەگەزی مێیینە دادەنرێت. ئەگەر ژمارەی پێویست لە ئافرەت خۆی کاندید نەکردبو، ئەوا بەپێی ریزبەندی دەنگەکان، پیاوێک جێگەی دەگرێتەوە.

دوەم، نوێنەرایەتی ژورەکان

٢-١: رێکخەری ژورەکان راستەوخۆ دەبنە ئەندامی کۆنفرانس.

٢–٢: هەر ژورێک بە گوێرەی تایبەتمەندی و سروشتی کارەکەی ژمارەی نوێنەری بۆ دیاری دەکرێت، کە بە سازان لە ناو خۆیاندا یان بە هەڵبژاردن دەبنە ئەندامی کۆنفرانسی نیشتیمانی.
٢–٣: هەمو ئەندامێکی ژور ئازادە لە هەر بازنەیەکی هەڵبژاردندا خۆی بۆ ئەندامێتی کۆنفرانس کاندیدبکات.

سێیەم، نوێنەرایەتی رەوەندی کوردی

نوێنەرایەتی رەوەندی کوردی بە رێنماییەکی تایبەت لە لایەن جڤاتی نیشتیمانیەوە رێکدەخرێ.

چوارەم، نوێنەرایەتی پشتیوان

٤–١: تێکۆشەری دێرین کە ساڵانی تەمەنی بەشداری خەباتی رزگاری گەلی کوردستانی کردوە و ئێستا هەڵسوڕاو یا پشتیوانی بزوتنەوەی گۆڕانە، یان لە چالاکیەکانی گۆڕاندا رۆڵی دیاری هەبوە.
٤–٢: شارەزا لە بوارەکانی سیاسی، حکومی، رێکخراوەیی، یاسایی، کۆمەڵایەتی و هتد.
٤–٣: رێژەی نوێنەرایەتی پشتیوان لە کۆنفرانسدا نابێ لە رێژەی ١٠% ی ئەندامانی هەڵبژێردراو زیاتر بێ.

**<u>مادەی شەشەم</u>: ئامادەکاری بۆ بەستنی کۆنفرانس**
یەکەم، رێکخستنی تۆماری دەنگدەران
١–١: رێکخستنی تۆماری دەنگدەران ئەرکی ژوری پەیجوریە، بە هەماهەنگی ژوری هەڵبژاردن.
١–٢: تەنیا ئەو ئەندام و هەڵسوڕاوانەی ناویان لە تۆماری دەنگدەراندا نوسراوە، لە پرۆسەی هەڵبژاردنی نوێنەرانی کۆنفرانسدا مافی دەنگدانیان هەیە.

دوەم، ئەو هەڵسوڕاوانەی لەم قۆناغەی هەڵبژاردندا ناویان لە تۆماری دەنگدەراندا دەنوسرێ بریتین لە:

٢–١: ئەندامانی دەستەی بەڕێوەبەری ئەنجومەنی قەزاکان.
٢–٢: بازنەوانەکان، ئەندامانی ئەنجومەنی بازنە، بنکەوانەکان و وێستگەوانەکان.
٢–٣: رێکخەر و ئەندامانی رایەڵە بە گشتی.

**<u>مادەی حەوتەم</u>: خۆکاندیدکردن بۆ ئەندامەتی کۆنفرانسی نیشتیمانی**
یەکەم، هەر هەڵسوڕاوێکی بزوتنەوەی گۆڕان لە هەر ئاستێکی رێکخراوەیی دا بێ، گەر مەرجەکانی تێدابێ، بۆی هەیە لە بازنەیەکی هەڵبژاردندا خۆی بۆ ئەندامەتی کۆنفرانسی نیشتیمانی کاندیدبکا.

دوەم، هەر هەڵسوڕاوێ ویستی خۆی کاندیدبکا،دەبێت فۆرمی تایبەت پڕبکاتەوە و پێشکەشی ژوری هەڵبژاردنی بکا.

سێیەم، پاش لێکۆڵینەوە لە هەبونی مەرجەکانی خۆکاندیدکردن ناوەکانیان ئەڕاستێنرێ.

**<u>مادەی هەشتەم</u>: سەرپەرشتی هەڵبژاردن**

یەکەم، ڕێکخستنی پرۆسەی هەڵبژاردن ئەرکی ژوری هەڵبژاردنە.

دوەم، هەڵبژاردن، لە سەرەتای دەسپێکردنەوە تا دەرچونی ئەنجامەکانی، لە لایەن لیژنەیەکی ٣ کەسیەوە ئەنجام دەدرێ کە پێکدێ لە:

٢–١: پارێزەرێکی ئەندامی سەندیکای پارێزەران، سەرۆک.
٢–٢: کارمەندێکی ڕێکخراوێکی کۆمەڵگای شارستانی، ئەندام.
٢–٣: نوێنەرێکی ژوری هەڵبژاردنی بزوتنەوەی گۆڕان، ئەندام.

سێیەم، هیچ کام لەو ٣ کەسەی سەرپەرشتی پرۆسەی هەڵبژاردن دەکەن بۆیان نیە خۆیان کاندید بکەن یان بە قازانجی هیچ کاندیدێ پرۆپاگاندە بکەن.

چوارەم، نوێنەرانی کۆنفرانسی نیشتیمانی لە لایەن هەڵسوڕاوانی بزوتنەوەی گۆڕانەوە لە سنوری قەزاکەدا هەڵدەبژێردرێن.

پێنجەم، بۆ ئەوەی ڕێگە بە دەنگدەر بدرێ لە پرۆسەی دەنگداندا بەشداری بکا، دەبێت لە کاتی هەڵبژاردندا "ناسنامەی باوەڕپێکراوی کەسی" پیشانبدا.

شەشەم، هەڵبژاردن بە دەنگدانی نهێنی و ڕاستەوخۆ، لە یەک ڕۆژدا لە کاتژمێر ٨ ی بەیانیەوە تا کاتژمێر ٦ ی ئێوارە، ئەنجام دەدرێ. هەمان شەو بە ئاشکرا لە بەر چاوی کاندیدەکان جیادەکرێتەوە و ئەژمار دەکرێ.

حەوتەم، بردنەوە بە زۆرایەتی سادەی ژمارەی دەنگەکان دەبێ.

هەشتەم، کاندیدی براوە باجی بەشداری کۆنفرانسی دەدرێتێ.

**<u>مادەی نۆیەم</u>: پوچەڵکردنی دەنگ**
هیچ دەنگدەرێ بۆی نیە، لە پرۆسەی هەڵبژاردنی ئەندامانی کۆنفرانسی نیشتیمانیدا، لە یەک جار زیاتر دەنگبدا. بەپێچەوانەوە دەنگەکەی پوچەڵ دەکرێتەوە و لێپرسینەوەی لەگەڵدا دەکرێت.

**<u>مادەی دەیەم</u>: دیاریکردنی کاتەکان**
ژوری هەڵبژاردن کاتەکانی پرۆسەی هەڵبژاردن دیاری دەکا و هەریەکەیان لە کاتی خۆی دا ڕادەگەیەنێ، بەم شێوەیە:

یەکەم، دیاریکردنی ماوەی خۆکاندیدکردن بۆ ئەندامەتی کۆنفرانسی نیشتیمانی.

دوەم، دیاریکردنی ماوەی ڕاستاندنی کاندیدەکان.

سێیەم، دیاریکردنی ڕۆژ و شوێنی دەنگدان بۆ هەڵبژاردنی ئەندامانی کۆنفرانسی نیشتیمانی.

چوارەم، دیاریکردنی ڕۆژی بەستنی کۆنفرانس.

**<u>مادەی یانزەیەم</u>: کاروباری لۆجستی**

کاروباری لۆجستی کۆنفرانسی نیشتیمانی ئەرکی ژوری کارگێڕی و داراییە، کە بریتیە لە:

یەکەم، دابینکردنی بودجەی پرۆسەی بەستنی کۆنفرانسی نیشتیمانی.

دوەم، ئامادەکردنی بنکەکانی دەنگدان بۆ هەڵبژاردنی ئەندامانی کۆنفرانسی نیشتیمانی.

سێیەم، ئامادەکردنی شوێنی بەستنی کۆنفرانس.

**<u>مادەی دوانزەیەم</u>: کاروباری میدیایی**

کاری میدیایی پرۆسەی بەستنی کۆنفرانسی نیشتیمانی بە دەستەیەکی تایبەتی دەسپێردرێ بۆ بەجێهێنانی:

یەکەم، رەخساندنی هەلی یەکسان بۆ هەمو کاندیدەکان بۆ خۆناساندن بە هەڵسوڕاوانی گۆڕان، لە سایتی فەرمی و لە دەزگاکانی راگەیاندنی بزوتنەوەی گۆڕاندا،

دوەم، چاپکردن و گەیاندنی پرۆژەی بەرنامەکانی بزوتنەوە و دەستوری ناوخۆی بزوتنەوەکە، پێش بەستنی کۆنفرانس، بە ئەندامانی هەمو ئاستەکانی پەیکەرەی رێکخراوەیی بزوتنەوەکە.

سێیەم، روماڵکردنی قۆناغەکانی پرۆسەی ئەنجامدانی کۆنفرانسی نیشتیمانی.

**<u>مادەی سیانزەیەم</u>: داوا و سکاڵا و تانە**

یەکەم، ئەگەر هەڵسوڕاوێک، کە پێشتر ناوی لە بەر هەر هۆیەک لە تۆماری دەنگدەراندا نەنوسرابو، ویستی بەشداری پرۆسەکە بێ چ بۆ خۆکاندیدکردن یا بۆ دەنگدان، بۆی هەیە داواکەی بەنوسراو بباتە لای ژوری یاسایی.

دوەم، داوا و سکاڵاو تانەلێدان لە سەرجەم پرۆسەی هەڵبژاردنەکە، لە کردنەوەی دەرگای خۆکاندیدکردنەوە تا راگەیاندنی ئەنجامی هەڵبژاردنەکان، بە نوسراو تۆماردەکرێ و دەدرێتە ژوری یاسایی.

سێیەم، ژوری یاسایی، بە راوێژ لەگەڵ ژوری پەیجوری و ژوری هەڵبژاردندا، دوا بڕیار لە سەر داوا و سکاڵا و تانەکان دەدا.

چوارەم، بەر لە هەفتەیەک لە ئەنجامدانی هەڵبژاردن، تۆماری دەنگدەران ئاشکرا دەکرێت.

**<u>مادەی چواردەیەم</u>: ئەنجامدان و قۆناغەکانی بەستنی کۆنفرانس**

یەکەم، دەستپێکردنی کۆنفرانس

١–١: کۆنفرانس لە لایەن ئەو لیژنەی ئامادەکاریەوە، کە لە لایەن جڤاتی نیشتیمانیەوە پێکدەهێنرێت، دەکرێتەوە.

١–٢: جڤاتی نیشتمانی راپۆرتی کارەکانی دەخوێنێتەوە.

١–٣: کۆنفرانس پێنج کەس بۆ دەستەی سەرۆکایەتی هەڵدەبژێرێ.

١–٤: دەستەی سەرۆکایەتی کاروبارەکانی کۆنفرانسی نیشتیمانی لە سەرەتاوە تا کۆتایی بەڕێوەدەبا.

دوەم، دابەشکردنی لیژنەکان

٢–١: ئەندامانی کۆنفرانس دابەش دەبن بەسەر چەند لیژنەیەکدا.

٢–٢: هەر لیژنەیەک کار لە سەر راپۆرتی یەکێ لە دامەزراوەکان دەکا.

٢–٣: هەر لیژنەیەک هەڵسەنگاندن و بڕیار و راسپاردەکانی خۆی بۆ دانیشتنەکانی کۆتایی ئامادەدەکا.

سێیەم، دانیشتنەکانی کۆتایی

٣–١: بۆ پەسەندکردنی دوا داڕشتەی بەرنامە و دەستوری ناوخۆ.

٣–٢: بۆ پەسەندکردنی بڕیار و راسپاردەکانی کۆنفرانس.

چوارەم، راگەیاندنی کۆتایی کۆنفرانس.